# یەکبوونەوەی ریزەکانی

# حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

١٩ی بەفرانباری ١٣٧٥ی هەتاوی - ٨ی ژانویەی ١٩٩٧ی زایینی

# پێشەکی

خوێنەرانی بەڕێز!

لە ١٩ی بەفرانباری ١٣٧٥دا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران شاهیدی یەکێک لە گرنگترین رووداوەکانی مێژووی تەمەنی خۆی بوو. لەم رۆژەدا پاش نزیکەی نۆ ساڵ جیابی‌و تەفرەقە لە ریزەکانی حیزبدا، بنەماڵەی گەورەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەرەسمی کەوتەوە سەریەک. ئەم هەنگاوە مێژوویی‌و بەرپرسانەیە، لەگەڵ خۆشحاڵی و پێشوازیی رۆڵەکانی گەلی کورد و تێکڕای دڵسۆزان‌و ئۆگرانی خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستانی ئێران بەرەو روو بوو. لەم نامیلکەیەدا چەند گۆشەیەک لەو پێشوازی کردن‌و خۆشحاڵی دەربڕینە بەدی دەکرێ.

بەداخەوە لەبەر حەجمی زۆری کاری کۆمیسیۆنی چاپەمەنی، بڵاوبوونەوەی ئەم نامیلکەیە چەند مانگ دواکەوت. ئێمە وێڕای داوای لێبوردن لە خوێنەران بەبۆنەی ئەو دواکەوتنە، بە پێویستی دەزانین ئەو خاڵەش وەبیر بێنینەوە کە ئەو پەیامانەی لەم نامیلکەیەدا چاپ کراون دەربڕی بۆچوون‌و بیروڕای خاوەنەکانیان‌و بڵاوکردنەوەیان لەلایەن ئێمەوە بەمانای تەئییدی هەموو ناوەرۆکی ئەوان نیە.

**کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی**
**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**بانەمەڕی ١٣٧٦**

# «ڕۆژی وەسەریەک کەوتنەوەی بنەماڵەی گەورەی حیزبی دێموکرات»

ڕێپۆرتاژێک لە ڕۆژنامەی «کوردستان» ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ژمارە ۲٤۱، ڕەشەمەی ۱۳۷۵ — نووسینی: ع. وریا

پاش نزیکەی نۆ ساڵ جیایی و لێک دابڕان لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، سەرئەنجام ئاواتی پیرۆز و لە مێژینەی تێکۆشەران و دڵسۆزانی حیزبی دێموکرات هاتە دی و ئەم حیزبە یەکیەتی و یەکپارچەیی خۆی وەدەست هێنایەوە.

ڕۆژی ۱۹ی ڕەشەمەی ۱۳۷۵ ئەو ڕۆژە بوو کە ڕۆڵەکانی دێموکرات، کۆمەڵانی میلیۆنیی خەڵکی کوردستان و هەموو دۆستانی حیزب لە کوردستان، ئێران و جیهان لە مێژ بوو چاوەڕوانی‌بوون. ڕۆژی دەست پێکردنی فەسڵێکی نوێ لە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دابوو، ڕۆژی لێک کۆبوونەوەی هەموو تێکۆشەرانی دێموکرات لە ژێر چەتری یەکدڵی و هاوڕەنگی‌دا، ڕۆژی گۆڕ کردنی تەفرەقە و ناتەبایی، ڕۆژی سارێژ کردنی زامە بەژان و ئاسۆرەکان و ڕۆژی گێڕانی ڕەشبەڵەکی یەکمالی و یەک سەنگەربوونی هەڵگرانی مەشخەڵی هەرگیز نەکوژاوەی ۲٥ی گەلاوێژی ۱۳۲٤. ڕۆژی ۱۹ی ڕەشەمەی ۱۳۷۵ ڕۆژێکی مێژوویی بوو و چووە ڕیزی ئەو ڕۆژانە کە نیشتمانپەروەرانی گەلی کورد و هەموو ئەو ئینسانانەی گرنگی و بایەخی بڕیار و هەنگاوەمەزن و مێژوویی‌یەکان دەزانن و دەناسن، شانازی‌یان پێوە دەکەن.

لەم ڕۆژەدا پاش نزیکەی ۹ساڵ دووری و جیایی، بەرهەمی ئەو وتووێژانە کە چەندین مانگ بوو بە مەبەستی وەسەریەک خستنەوەی بنەماڵەی گەورەی حیزبی دێموکرات دەست پێکرابوو، خۆی نواند و داری ئاواتی خوازیارانی یەکیەتی و بە هێزیی ئەو حیزبە هاتە بەرهەم و خۆزگەی تێکۆشەرانی گەشە کردن و بەرەوپێش چوونی هەرچی زیاتری جووڵانەوەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران وەدی هات.

• پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ۱۹ی ڕەشەمەی ۱۳۷۵، فێرگەی سیاسی ئیزامیی حیزب شاهیدی بینینی یەکێک لە جوانترین و شیرینترین دیمەنەکانی مێژووی ژیانی حیزبەکەی بوو. لە مەودای ڕێگای ورووديی فێرگەدا بەرپرسان و نوێنەرانی کۆمیتە و ئۆرگانە جۆراوجۆرەکانی حیزب کە بۆ بەشداری لەو جێژنە مێژوویی‌یە بانگهێشتن کرابوون، پۆل پۆل و دەستە دەستە، بە تاسە و تامەزرۆیی‌یەکی لە تاریف نەهاتووە چاوەڕوانی گەیشتنی تێکۆشەرانێک بوون

که ۹ ساڵ بوو لێیان دوور بوون. سەعات دەوروبەری دەنیوی پێش نیوەڕۆ
سەری کاروانی ماشێنەکانی هەڵگری میوانانی ڕێی دوور گەیشتە دەروازەی
قیرگە. لەگەڵ دابەزینی سەرنشینەکان کارناواڵی یەکیەتیی ڕیزەکانی حیزبی
دێموکرات دەستی پێ کرد. لە یەک کاتدا بەسەدان تێکۆشەری ئەم حیزبە
باوەشیان بۆ یەک گرتبۆوە و لە گەرمای ئامێزی یەکتردا ساردیی ساڵانی لێک
تەرەللایی‌یان لە نێودەبرد. چاوەکان فرمێسکی خۆشی‌یان تێزابوو، قاقای
شادی ئەو نێوەی داگرتبوو و بزەی شادمانی ڕوخساری هەمووانی گەشاندبۆوە.
لە «ئازادی» گوند و مەکۆی بەشێک لە بنەماڵە کوردە ئێرانی‌یەکانی
سەربەحیزبی دێموکراتیش‌دا، دیمەنێکی دیکە لە پێک شادبوونەوەی ئەوێندارانی
ڕێبازی حیزبی دێموکرات لە نێو ژنان و کچان و منداڵاندا بەرپا ببوو.
پاش دەرکردنی ماندوویی ڕێگا و خواردنی نانی نیوەڕۆیە، تێکڕای
هاوڕێیانی سەرمەست بە بادەی یەکیەتی بۆ بینینی ڕێژەی نیزامی و
زنجیرەیەک حەرەکەتی ڕەزمیی گەنجە بەدەست و بردەکانی دەورەکانی ۱.۱ و
۲.۱ی سەرەتایی قیرگە. کە بە خۆشیی ئەم ڕۆژە مەزنە ئامادە کرابوو. ڕیزیان
بەست. پاش تەواو بوونی ئەو بەرنامەیە، هاوڕێیان لە کاتێکدا میوانانی
دیکەی جێژنیش بەرەو شوێنی ڕێ و ڕەسمی جێژن وەڕێ کەوتبوون، بە
ڕێپێوانێکی کورت خایەن گەیشتنە شوێنی بەڕێوەچوونی جێژن.
دەکرا لە دڵ و لە چاوی هەموو بەشدارانی ئەو جێژنەدا ئەو قسەیە
بخوێنی‌یەوە: ئەو جێژنەی ئەمڕۆ شوێنێکی زۆر لێرە گەورەتر و ئاپۆرایەکی
دەیان، سەدان و هەزاران جار لەوە قەرەباڵغتر هەڵ دەگری. خۆزگە ئەم جێژنە
لە مەهاباد، زێدی حیزبی دێموکرات و پێتەختی کۆماری کوردستان، لە
کرماشان،پاوە، جوانڕۆ و ڕەوانسەری تازە زامدار، مەکۆی عاشقانی ڕێبازی
قازی، لە سنەی سەربەرز بە قارەمانە دێموکراتە شەهیدەکانی، لە سەقز و
بۆکانی لەسەردەمی کۆمارەوە وەفادار بە حیزبی نیوسەدە خەبات، لە کامیاران،
لە مەریوان و دیواندەرەی تێر نەبوو لە دیداری ڕێبوارانی سێ ڕێبەرە
پایەبەرزەکە، لە بانە و سەردەشتی لەمێژساڵ چاوەڕوانی ئەو ڕۆژە، لە پیرانشار،
لە نەغەدە و لە شنۆی جوانی سەروەناستانەی قاسملوو کردوو، لە ورمێ ئەو
شارەی کە ئەو هەموو ڕۆڵە دێموکراتە لە سیاچاڵەکانی‌دا بە دڵی پڕ لە تاسە و
ئاواتی ڕۆژی یەکبوونەوەی ڕیزەکانی حیزبەکەیانەوە چوونە بن داری ئیعدام،لە
ناوچەکانی شیمالی کوردستان مەڵبەندی حەماسەخوڵقێنی‌یەکانی خەباتگێڕانی
دێموکرات، خۆزگە و هەزار خۆزگە ئەم جێژنە لە نێو کۆڕی سەدان هەزار کەسی
و میلیۆنیی پشتیوانانی ڕاستەقینەی حیزبەکەمان و لەسەر خاکی پیرۆزی
کوردستانی ئێران. ئەو گەلە و ئەو خاکەی براکوژان وەخۆ ناکەن. بەڕێوەچووبا.
خۆزگە کرابایە هەموو ئەندامان و لایەنگرانی حیزب و بە تایبەتی بنەماڵەی
شەهیدەکان ڕاستەوخۆ بەشداری ئەم جێژنە بکرابایەن. بەڵام ئەگەر دەرەتانی

ئەوەمان نیە چ قەیدی، ئەوە نیە شەهیدەکان گیانیان هاتۆتەوە بەر و لە سەر ئاسمانی شوێنی جیژنەکەمان را بە رەزامەندییەوە لێمان دەروانن. ئەوەتیە تریقە و قاقای گەلێک تێکەڵ بە سروود و گۆرانیی تەبایی و یەکدڵیمان بووە. ئەوەنیە میللەتێک و وڵاتێک لەگەڵمان‌دا پێ دەکەنن و جیژنەیانە.

سەعات دووی دوانیوەرۆ، لە حاڵێک‌دا سالۆنی دیاری کراو بۆ ئەو جیژنە جێی کەسی دیکەی تێدا نەبووە، بەرنامەی جیژن بە سروودی نەتەوایەتیی «ئەی رەقیب» و دەقیقەیەک بێدەنگی بە نیشانەی رێزنان لە شەهیدانی رێگای ئازادی دەستی پێکرد. دروشمی «پیرۆز بێ یەکیەتیی ریزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران» لە شوێنێکی رووبەرووی بەشداران‌دا و بوونی ژمارەیەکی زۆر هاورێی حیزبی کە لەمێژ بوو لەم جۆرە جیژنانەدا جێ‌یان خاڵی بوو، گومانیان بۆ کەس نەدەهێشتەوە کە ئەم جیژنە لە جیژنی جارانی دیکە جیایە. کاتێکیش هاورێ خەجیجەی مەعزووری - یەکێک لە بەرێوەبەرانی رێ و رەسمەکە - لەسەرەتای بەرنامەکەدا چووە پشت تریبوون و بە دەنگە ئاشناکەی لەگەڵ بەخێرهاتن کردنی بەشداران‌دا مزگێنیی بە ئاکام گەیشتنی رەوتی یەکبوونەوەی ریزەکانی حیزبەکەمانی راگەیاند دار و دیوار لە نێو چەپلەی خۆشیی بەشداران‌دا لەرزی. دواتر نۆبە گەیشتە هاورێی هێژا کاک «حسن شرفی» ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب بۆ پێشکێش کردنی بەیاننامەی هاوبەش. بەیاننامەی کۆتایی هاتنی دووری و جیایی رۆڵەکانی دیموکرات. لە پاش وی سکرتێری گشتیی حیزب هاورێی خۆشەویست مامۆستا «عبدالله حسن‌زادە» وتارە مێژوویی‌یەکەی خۆی بە بۆنەی ئەم رۆژە پیرۆزەوە پێشکێش کرد. لەگەڵ مامۆستادا زۆر کەسی دیکەش کە گوێی دڵیان بە ئیودرۆکی یەکە یەکەی رستە ئەمر و پر لە پەند و ئامۆژگاری‌یەکانی سپاردبوو فرمێسکی خۆشی‌یان هەڵدەوەراند. ئەمجار نۆبە گەیشتبووە هاورێی بەرێز کاک «حسن رستگار» تا بە نۆبەی خۆی مزگێنیی یەکبوونەوەی ریزەکانی حیزبی دیموکرات رابگەیەنێ.

***

ئێمە گیانێکین لە دوو جەستەدا
وەک شێعر و ئاواز لە یەک بەستەدا
دنیا ناتوانێ لێکمان کاتەوە
مەگەر خوا بۆ خۆی بمانباتەوە

دەنگی بەسۆزی لاوی دەنگخۆش عومەر گەردی لە توێی گۆرانیی «پەیمان»ی مامۆستا برایم خەیات‌دا قەی دڵی بەشدارانی ئەو جیژنە و کۆمەڵانی ئەندام و لایەنگری حیزب، دەردەبڕێ. لێرە بەدواوە نۆبەی شاعیران و ئەدیبان و دەنگخۆشان و هونەرمەندانە تا دیاریی شایانی ئەم جیژنەیان پێشکێش بکەن. بێبەش و پەیمان و ئەحمەد قادری بە نۆبە شێعر و پەخشان

# بەیاننامەی هاوبەش

کۆمەڵانی خەباتگێری خەڵکی کوردستان !
حیزب و ڕێکخراوە سیاسی یە کوردستانی و ئێرانی یەکان !
دۆستانی گەلی کورد لە سەرانسەری جیهان دا !

پاش کۆنگرەی هەشتەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەشێک لە کادر و ئەندامانی حیزب، بە هۆی هێندێک گیرو گرفتی نێوخۆیی، لە سەرەتای مانگی خاکەلێوەی ١٣٦٧ی هەتاوی دا بە ناوی «حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ» (اعلام موجودیت) یان کردو لە ژێر ئەو ناوە دا تێکۆشانی خۆیان درێژە پێ دا.

ماوەی ٨ ساڵ بوونی دوو ڕێکخراو بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ئەو گیرو گرفتانە کە بەو هۆیەوە هاتنە پێشەوە، زیانێکی زۆریان لە بزووتنەوەی میللی - دێموکراتیکی خەڵکی کوردستانی ئێران دا. بە خۆشی یەوە دوای هەوڵ و کۆششی دڵسۆزانی حیزب و دۆستانی گەلی کورد، لە بەهاری ساڵی ١٣٧٤ەوە دەرگای وتووێژ بۆ چارەسەری ئەو گیرو گرفتانە کرایەوە. پاش چەند کۆبوونەوەی باس و ڕاوێژ، هەر دوو لا لەسەر ئەوە ڕێک کەوتن کە دیاردەی بوونی دوو ڕێکخراو بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆتایی پێ بهێنرێ و هەموو تێکۆشەرانی دێموکرات لە ڕیزێکی یەکگرتوو دا خەباتی خۆیان بۆ وەدیهێنانی دروشمی لەمێژینەی حیزب «**دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان**» درێژە پێ بدەن.

بۆیە، بە خۆشحاڵی یەوە مزگێنی بە هەموو دڵسۆزانی حیزب و گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و هەموو ئۆگرانی ئاشتی و ئازادی دەدەین کە لە دەرچوونی ئەم بەیاننامەیەوە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی هەموو تێکۆشەرانی دێموکراتەو ئەو ئاواتە پیرۆزەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و دۆستانی حیزب وەدی هاتوە. هیوادارین ئەم هەنگاوە پیرۆز و بەرپرسانەیە، گوڕو تینێکی زیاتر بە خەباتی ڕزگاریخوازانەی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێران بدا و لە وەدەست هێنانی ماف و ئازادی یەکانیان نێزیکتریان بخاتەوە.

بەم بۆنەیەوە، داوا لە تێکڕای تێکۆشەرانی دێموکرات دەکەین، بە سەرنجدان بە گرنگیی ئەم هەنگاوە پیرۆزە، چەندی بکرێ زیاتر گیانی هاوکاری و برایەتی و تەبایی لەنێو خۆیان دا بەهێز بکەن. پێویستە یەکدلی

و یەکپارچەیی لە هەموو ناکارو رەفتارێکی خەباتگێرانی دێموکرات دا رەنگ بداتەوەو بەم جۆرە دڵی دۆستانیان شاد بکەن و هەموو ئەوانەی ویستوویانە لە ناکۆکیی نێو ریزەکانی حیزب بە زیانی بزووتنەوەی گەلەکەمان کەڵک وەربگرن، ناهومێد بکەن.

لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیش، کە لە هەموو کەس زیاتر چاوەڕوانی بیستنی ئەم مزگێنی‌یە بوون، داوا دەکەین زیاتر لە جاران پشتی حیزبە خۆشەویستەکەیان بگرن و لە خەبات بۆ وەدیهێنانی ئامانجە لەمێژینەکانی گەلی کورد دا یارمەتیی بدەن.

لێرەدا بە پێویست دەزانین لە کانگای دڵمانەوە سپاسی هەموو ئەو حیزب و رێکخراو و شەخسییەتە سیاسی و کۆمەڵایەتی‌یە کوردو ئێرانی و خاریجی‌یانە بکەین کە لە چەند ساڵی رابردوو دا، هەوڵی رێککەوتنەوەی تێکۆشەرانی دێموکراتیان داوەو بەم جۆرە دڵسۆزیی خۆیان بۆ یەکپارچەیی حیزبی دێموکرات نیشان داوە.

ئەوەندەی ناکۆکی و لێک دوور کەوتنەوەی خەباتگێرانی دێموکرات لە چەند ساڵی رابردوو دا جێگای داخ و کەسەر بوو، ئەوەندەش هەڵوێستی بەرپرسانەی هەموو لایەک لە ماوەی یەکساڵ و نیوی رابردوو دا، و دانیشتن و وتووێژیان بۆ چارەسەر کردنی گیرو گرفتەکان جێگای خۆشحاڵی‌یە. تێکۆشەرانی دێموکرات ئازایانە لەمپەرە رەوانی‌یەکانیان شکاند و راستەوخۆ پێکەوە دانیشتن، هەتا توانیان دوا کەندو کۆسپەکانی سەر رێگای یەکپارچەیی ریزەکانی حیزب لەنێو بەرن. بێ لەخۆبایی بوون دەڵێین ئەم کردەوە شۆرشگێرانەیە لە پێوەندیی نێوان لایەنەکانی نێو بزووتنەوەی کورد دا بۆ چارەسەریی گیرو گرفتەکانیان دیاردەیەکی نوێ و جێگای هومێدە.

هیواداریـن ریزەکانی حیزبی دێموکرات رۆژ بە رۆژ پتەو بوونی زیاتر بەخۆوە ببینن و لەوەش زیاتر، ئاشتی و تەبایی و هاوکاری باڵ بەسەر پێوەندیی نێوان لایەنەکانی بزووتنەوەی کورد و حیزب و رێکخراوە سەرانسەری‌یەکانی ئێران دا بکێشێ و سەرەنجام دێموکراسی‌و پلووڕالیزمی سیاسی بەباشترین شێوە لەوڵاتەکەمان دا سەقامگیر بێ.

پیرۆز بێ یەکپارچەیی ریزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

یەکگرتوو بێ خەباتی گەلانی ئێران بۆ رووخاندنی رێژیمی کۆماری ئیسلامی

***کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران***

***کومیتەی ناوەندیی***

***حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، رێبەرایەتیی شۆرشگێر***

**١٩/١٠/١٣٧٥ ( ١٩٩٧/١/٨ )**

# وتاری سکرتێری گشتیی حیزب
# هاوڕێی تێکۆشەر عبدالله حسن‌زادە
# لە ڕێ و ڕەسمی یەکبوونەوەی ڕیزەکانی حیزب‌دا

خوشک و برا بەڕێزەکان !

هاوڕێیانی خۆشەویست! ئەم کاتەتان باش و بەخێربێن.

لە دەوری یەک کۆبووینەوە بۆ ئەوەی دەسکەوتێکی بەنرخی حیزبە خۆشەویستەکەمان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان بکەینە جێژن، دەسکەوتی وەسەریەک کەوتنەوەی بنەماڵەی گەورەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و پڕکردنەوەی ئەو قەڵشتە کە بۆ ماوەی نۆ ساڵ کەوتبووە ڕیزەکانی ئەم حیزبەوە. ئەم دەسکەوتە کە بە حەق دەکرێ بە سەرکەوتنێک بۆ هەموو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی وڵاتەکەشمان دابنرێ، بە ئاسانی و بە نرخێکی هەرزان بەدەست نەهاتووە، بەڵکوو ئاکامی چەند ساڵ هەوڵ و تەقەلای دڵسۆزانەی دۆستانی حیزبی دێموکرات و ئەوگرانی بزووتنەوەی میللی - دێموکراتیی خەڵکی کوردستانی ئێران و لەوەش زیاتر بەرهەمی هەستی بەرپرسایەتی و گوزەشتی تێکۆشەرانی حیزبە خۆشەویستەکەمانە. بەم بۆنەیەوە لەلایەن دەفتەری سیاسی‌یەوە پڕبەدڵ پیرۆزبایی لە ئێوە و لە هەموو تێکۆشەرانی حیزب و تێکڕای کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەکەم و سەرکەوتنی هەموو لایەک لە چەسپاندنی ئەم سەرکەوتنە سیاسی‌یەدا بە ئاوات دەخوازم.

ماوەی نۆ ساڵ جیایی لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌دا ئەگەر ڕووداوی ناخۆشی لێ کەوتوونەوە و بیرەوەریی زۆر تاڵی بۆ بەجێ‌هێشتووین، ئەزموونی بەنرخیشی داوینە دەست. ڕووداوەکانی ئەم چەندساڵە ڕیزی دۆستان و خێرخوازانی حیزبەکەمانیان بە باشترین شێوە لە ڕیزی دوژمنان و بەدخوازانی ئەم حیزبە جیا کردەوە. لەکاتێک‌دا دۆستانی حیزب و لایەنگرانی وەدی‌هاتنی ماف و ئازادی‌یەکانی خەڵکی کوردستان هەموو ڕێگایەکیان تاقی دەکردەوە بۆ ئەوەی بتوانن کۆمەگێک بە یەکگرتنەوەی تێکۆشەرانی دێموکرات بکەن، دوژمنی لەمێژینەی گەلی کورد، یانی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەموو توانای خۆی بەکار دەهێنا بۆ ئەوەی چەندی بکرێ دووبەرەکی لە نێوان ڕێبوارانی ڕێگای دێموکراسی و خودموختاری دا قووڵتر بکا و نەهێڵێ ڕیزەکانیان بۆ بەربەرەکانی دژی

دەسەڵاتی جەهەننەمیی ئەم رێژیمە یەک بخەنەوە. بۆ هەمووانیش روونە ئێستا کە کۆمەلانی خەڵکی کوردستان لە خۆشیی یەکگرتنەوەی تێکۆشەرانی حیزبەکەمان شایی‌یان لە دڵدا دەگێڕێ، کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی باری ماتەمیان لە لێ نیشتوە و لە فکری ئەوەدان کە هەرچۆنێک بووە ئەم دەسکەوتەی بزووتنەوەی حەقخوازانەی گەلەکەمان پووچەڵ بکەنەوە.

کەوایە دەبێ زۆر وشیار بین. ئەوەی ئەمڕۆ بەدەستمان هێناوە، بەهەموو توانامانەوە بی‌پارێزین و بە هیچ جۆر رێگا نەدەین ریزی یەکگرتوومان کەلێنی تێ‌کەوێتەوە و دوژمن پێمان‌خۆش بێتەوە. ئەو هاوڕێ و هاوسەنگەرانەمان کە ماوەیەک بوو لە ژێر ناوێکی دیکە دا تێ‌دەکۆشان، ئەمڕۆ بە بڕیارێکی مەسئوولانە تێکەڵ بە حیزبی خۆیان بوونەوە. لەمڕۆوە ئەوان وەک هەموو هاوڕێیانی دیکە، تێکۆشەری نێو سەنگەری حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و رێبواری رێگای خەبات بۆ وەدی هێنانی دروشمی لەمێژینەی حیزبەکەمان «**دێمۆکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان**»ن. ئەوان لە ریزەکانی حیزب‌دا هەموو ئەو ئەرکانەیان لەسەر شانە کە دەکەونە سەرشانی هاوسەنگەرانی دیکەیان و تەواوی ئەو مافانەشیان هەیە کە بۆ هاوڕێیانی دیکەیان هەن. نە زیاتر و نە کەمتر. جێگای هەمووی ئێمە لە یەک سەنگەر دایە و بوونمان لە دوو سەنگەری جیاوازدا دیاردەیەکی ناسروشتی بوو کە بە هیممەتی هەموو دڵسۆزان بۆ هەتاهەتایە کۆتایی پێ‌هاتوە.

ئەوە کە رێژیمی کۆماری ئیسلامی هەمیشە لە یەکیەتیی ریزەکانی حیزبی دێمۆکرات و تێکڕای رێبوارانی رێگای رزگاریی ئێران ترساوە و هەموو کاتێک بۆ دروست کردنی دووبەرەکی لەنێو لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران‌دا هەوڵی داوە، شتێکی سروشتی‌یە و بێگومان لە داهاتووش‌دا هەرچی لەو پێوەندی‌یەدا بۆی بکرێ، دەی‌کا. بەڵام زۆر نامۆ و جێگای سەرسوڕمان دەبێ ئەگەر خوانەخواستە لەنێو ریزەکانی ئۆپۆزیسیۆن‌دا نی‌واهەبن کە بە یەکیەتیی تێکۆشەرانی دێمۆکرات و پتەوبوونی ریزەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کوردەوە قەڵس بن. زۆر سەیر دەبێ کەسانێک لەنێو ریزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی دا لە بەهێز بوونی یەکێک لە چالاکترین لایەنەکانی ئەو ئۆپۆزیسیۆنە هەست بە مەترسی و نیگەرانی بکەن. ئێمە لەم تریبوونەوە رادەگەیەنین کە بەهێز بوونی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بە زیانی هیچ هێزێکی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران نیە و بە پێچەوانەوە، هەرچەندی حیزبی دێمۆکرات بەهێزتر بێ، باشتر دەتوانێ ئەرکی مێژوویی خۆی لە خەبات بۆ رزگاریی وڵاتەکەمان‌دا بە جێ‌بگەیەنێ و پتر دەبێتە پاڵپشتی هەر هێزێکی سیاسی کە بەدڵەوە بۆ سەقامگیربوونی ئازادی و دێمۆکراسی لە ئێران‌دا تێ‌بکۆشێ. ئێمە ئاواتمانە

هێزە سیاسی یە نیشتمانپەروەرەکانی ئێران بۆ هەمیشە کۆتایی بە رەوتی لەت‌لەت‌بوون‌و دووبەرەکی بێنن‌و رەوتێکی پێچەوانە لە پێناوی تێکەڵ کردنەوەی هەموو تواناکان لە خەبات بۆ رزگاریی وڵاتەکەمان‌دا بگرنەپێش.

خوشکانی خۆشەویست! برایانی بەرێزا لە ماوەی چەند ساڵ دوودەستەیی لەنێو ریزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران‌دا زۆر شەخسییەتی سیاسی‌و کۆمەلایەتی‌و زانستی‌و فەرهەنگی‌و نوێنەرانی زۆر حیزب‌و رێکخراوی سیاسیی ئێرانی‌و کوردستانی‌و خاریجی بۆ یەکخستنەوەی ریزەکانی حیزبی ئێمە هەوڵیان‌داوە. هەروەک لە پێشەوە گوتمان ئەوەی ئەمڕۆ دەی‌بینین، بەشێکی ئاکامی هەوڵ‌و تەقەلای دڵسۆزانەی ئەوانە. زۆرمان پێ‌خۆش بوو لەم رۆژە مێژوویی‌یەدا هەمووی ئەو بەرێزانە لەنێومان بان، لە نێزیکەوە هاوبەشی جێژن‌و شادمانی‌مان بابەن‌و سوپاس‌و ئەمەگناسی‌یان لێ‌بیستبابین. بەلام ئێستا کە بەهۆی باری نائاسایی ناوچەکەوە ئەوشانازی‌یەمان پێ‌نەبراوە، رێگام بدەن بەناوی ئێوەو هەموو تێکۆشەرانی دیموکراتەوە سوپاسیان بکەم‌و سەرکەوتنیان لە هەر هەوڵێکی دڵسۆزانەی لەم‌بابەتەدا بە ئاوات بخوازم. هەر لێرەدا پێویستە سوپاسی هاورێ‌یانی حیزبیش بکەم کە بە سەبرو حەوسەلەو هەستی مەسئوولییەتەوە چەندین سەعات پێکەوە کۆبوونەوە تا هەموو کەندو کۆسپەکانی سەررێگای بەیەک گەیشتنەوەیان تەخت کرد.

هاورێ‌یانی تێکۆشەر! زۆر جار لە موناسەبەتی وەک ئەوەی ئەمڕۆدا باسی ئەوە دەکرێ کە پێویستە رابردوو لەبیر بەرینەوە. ئەمنیش لەو باوەڕەوە کە پێویستە رق‌و کینەکان لەبیر بەرینەوەو دەستی برایەتی‌و تەبایی‌و هاوکاری بدەینە دەستی یەکتر، هەروا دەڵێم. دڵنیاشم کە هەموومان بڕیارمان داوە پەردەیەکی ئەستوور لەنێوان ئێستاو چەند ساڵی رابردوودا دابدەینەوەو لاپەرەیەکی تازە لە هاوکاری‌و یەکدڵی بکەینەوە. «حافظ» مامۆستای غەزەلی فارسی دەڵێ: «درخت دوستی بنشان که کام دل ببار آرد * نهال دشمنی برکن که رنج بیشمار آرد». بەلام ئەمن پێم‌خۆشە لەبارێکی دیکەشەوە بۆ مەسەلەکە بچم‌و داوا لە هەموو خەباتگێرانی حیزب بکەم کە هەرگیز رووداوە تاڵەکانی چەندساڵ لێک‌دابڕان‌و لێک دووری لەبیر نەبەنەوە. با هەمیشە لەبەرچاومان بێ لەو ماوەیەدا چەندمان دوژمن بە خۆمان خۆش کرد و چەندە پەژارەمان خستە نێو دڵی دۆستانەوە. با لەبیرمان‌بێ چەندەمان هێز و توانا و ئێنێرژی بە فیرۆدا. رێگام بدەن راشکاوانەتر بدوێم و بڵێم با لە بیرمان نەچێ لە ناکۆکی و ناخۆشی‌یەکانی نێو خۆی حیزبی دیموکرات، یان تێکرای بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کورددا چەندە خوێنی تێکۆشەری کورد بە دەستی تێکۆشەری کورد رژاوە و چەند جار سەنگەری بەرەنگاری

دژی دوژمنانی ئازادی بە قازانجی سەنگەری شەڕی براکوژی چۆڵ کراوە. ئەمانەمان هەمیشە دەبێ لە بیر و لە بەرچاو بێ، بۆ ئەوەی قەت جارێکی دیکە ڕێگای دووپات بوونەوەیان نەدەین.

زۆر جار دەبینین و دەبیسین کە هێندێ لە دۆستانی حیزبەکەمان دەپرسن: تێکۆشەرانی دێموکرات ناکۆکی یەکانیان چۆن چارەسەر کردوە، لە سەر چی ڕێک کەوتوون و کام لا بۆ کام لای داشکاندوە. بۆ وەڵامی هەموو پرسیارێکی لەو بابەتە ڕێگا بدەن بڵێم: ئەگەر لە ناکۆکی و دوو بەرەکی یەکانی ڕابردوودا هیچ لایەک سەرکەوتوو نەبوو و تەنیا لایەن کە قازانجی کرد، دوژمنانی ماف و ئازادی یەکانی خەڵکی کوردستان بوون، لێرەدا ڕاست بە پێچەوانەیە. هەموو لایەنەکان سەرکەوتوون و ئەوەی لەو نێوەدا زیانی پێ گەیشتوە و زەبری وێ کەوتوە، ئەوانەن کە خێری گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان ناوێ. لەم ڕێککەوتنەدا کەس بۆ کەسی دانەشکاندوە. بەڵکە هەموو لایەک لە خۆیان بە قازانجی حیزبێک کە حیزبی هەموویانە، مایەیان داناوە. هەموو لا تێ گەیشتوون کە هێزی هەمووان لە بە هێزیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دایە. بە تێکرا باوەڕیان بەوە هێناوە کە وەرگرتنی مەرکەزێکی بچووک لە حیزبێکی گەورەدا زۆر زیاتر خزمەت بە ئامانجەکانی گەلی کورد دەکا تا وەرگرتنی مەرکەزێکی گرنگتر لە حیزبێکی بچووکتردا. سەرئەنجام هەموو لا قبووڵیان کردوە کە بە قەولی شاعیری شۆڕشگێڕ «ابوالقاسم لاهوتی» : «قطره دریاست اگر با دریاست * ورنه او قطره و دریا دریاست».

هەموومان لەم حەرەکەتەدا قازانجمان کردوە و لەم هەنگاوەدا سەرکەوتووین. قازانج لەوە زیاتر کە دوژمنانی حیزب و گەلمان ناهومێد کردوە؟ لەوە زیاتر کە ریزەکانی حیزبی دێموکراتمان یەک خستۆتەوە؟ لەوە زیاتر کە بە سەر هەستی خۆ ویستی دا زاڵ بووین و قازانجی گشتیمان وەپێش قازانجی تاکە کەسی خستوە؟ لەوە زیاتر کە نیشانمان داوە، ئەوەی بە چەند ساڵ شەڕ و ناخۆشی بە دەست نایە، دەکرێ بە چەند دانیشتنی دۆستانە بە دەستی بێنین؟ سەرئەنجام قازانج لەوە زیاتر کە ڕەزامەندیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانمان بەدەست هێناوە؟ ئاخر، ئەوەی ئەمڕۆ بە هەوڵ و تێکۆشانی هەموو دڵسۆزان وەدی هاتوە، نۆ ساڵە داوای زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و بەگشتی دۆستانی بزووتنەوەی میللی-دێموکراتیی گەلی کوردە.

ئێمە بە سەربەرزی و شانازی یەوە ئەم هەنگاوە پیرۆزە دەکەینە دیاری و پێشکەشی بارەگای نەتەوەی کوردی دەکەین. هەر لەو کاتەدا لە هەموو دڵسۆزان دەخوازین بۆ سەرخستن و چەسپاندنی ئەم دەسکەوتە نیشتمانی یە

یارمەتیمان بدەن. ئێمە لە ڕابردوودا زۆر دەرسی بە نرخ لە ئەزموونی هێزە سیاسییەکانی کوردستان و ئێران فێر بووین و هیوادارین لەمەو دواش کەڵکی باش لە تاقیکردنەوەکانی ڕێبوارانی ڕێی ئازادی وەربگرین. بەڵام لەو پەڕی تەواز‌وعدا حەق بە خۆمان دەدەین بڵێین هەنگاوێک کە ئێمە بۆ چارەسەری گیرو گرفتە نێوخۆییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵمان هێناوەتەوە، بۆ چاولێکردن و ئەزموون لێوەرگرتن دەبێ. ئارەزوومانە لە نێو ڕیزەکانی بزووتنەوەی کورد و هەر وەها بزووتنەوەی سەرانسەریی ئێراندا هەر ڕۆژە نموونەیەکی دیکە لە لێک نێزیک بوونەوە و چارەسەری گیر و گرفتەکان بە ڕێگای وتووێژی ڕاستەوخۆ و دۆستانە و بەرپرسانەدا ببینین.

بەخۆشییەوە ئێستا کە بە شادمانیی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لێک کۆبووینەوە، حیزبەکەمان لە گەڵ هیچ لایەنێکی کوردستانی یان ئێرانیی ناکۆکی و پێوەندیی ئاڵۆزی نیە، تا بڵێین ئامادەین چارەسەری بکەین. بەڵام حەز دەکەم لە لایەن هەمووتانەوە ئامادەیی حیزبەکەمان بۆ پتەوکردنی پێوەندیی هاوکاری لە گەڵ تێکرای هێزە نیشتمانپەروەرەکانی کورد و ئێرانی ڕابگەیەنم. بەو ئاواتە کە دەردۆنگی و لێک دووری و هەستی خۆ بە زل زانی و پاوانخوازی لە نێو لایەنەکانی بزووتنەوەی سەرانسەریی ئێراندا کۆتایی بێ و جمەوجۆڵێکی چالاک بۆ یەکخستنی ڕیزەکان لە پێناوی ڕزگاریی وڵاتەکەماندا دەست پێ بکا.

خۆشەویستان! بۆ ئەوەی دەرەتان بۆ بەرنامەی شاد و مۆسیقا و هەڵپەڕکێ بمێنێتەوە، قسەکانم لێرەدا کورت دەکەمەوە. شادی بکەن، پێ بکەنن، هەڵ پەڕن، شانازی بە حیزبەکەتانەوە بکەن و بە داوارۆژێکی ڕووناک هیوادارین، چونکە داوارۆژ نی ئێوە وهەموو ئازادیخوازانە.

پیرۆزبێ یەکیەتیی ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

بەکگرتووبێ خەباتی خەڵکی ئێران بۆ وەدەستهێنانی ئازادی و دێموکراسی.

نەفرین لە دووبەرەکی و ناکۆکی و شەڕی نێوخۆیی.

بژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران،حیزبی قاضی و قاسملو و شرفکندی.

١٣٧٥/١٠/١٩

# وتاری هاوڕێی بەڕێز کاک حسن رستگار

هاوڕێیانی بەڕێز!

بەجێ بوو کە بۆ ئەم ڕۆژە پیرۆزە کە ڕۆژی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە یەک پەیام و یەک وتەمان هەبێ، بەڵام لەلایەن هاوڕێیان و بەتایبەتی هاوڕێی تێکۆشەرمان مامۆستا «عبداللە حسن‌زادە» داوام لێ کرا منیش بەشی خۆم و هەستی خۆم باوێمە سەر ئەو دەسکەوتە بەنرخ و مێژوویی یە کە بۆ حیزبە تێکۆشەرەکەمان ڕەخساوە.

بێ شک لێتان ڕوونە ئەگەر وەزعی سیاسیی کوردستانی عێراق بەم جۆرەی ئێستا هەیە، ئاوا ئاڵۆز و بە گرێ و گۆڵ و گیروگرفت نەبایە، جێژنەکەمان لە چوارچێوەیەکی یەکجار گەورەتر و بەرفراوانتردا بەرگوزار دەبوو.

لەبەر ئەوەی مامۆستا لە وتارەکەی دا وەستایانە هەموو لایەنەکانی پیرۆزی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی ئرخاند و کەڵێن و کەلەبەرێکی ئەوتۆی نەهێشتەوە ئاماژەی بۆ بکرێ و قامکی لەسەر دابنرێ. بۆیە منیش هەر ئەوەندە دەڵێم، ئەم ڕۆژە مێژوویی یە کە ڕەوتێکی نوێ و شارستانی یانەیە لە تەمەنی خەباتی ئازادیخوازی نەتەوەکەمان دا لە ئێوە خۆشەویستان و سەرجەم کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و سەرانسەری ئێران پیرۆزبایی دەکەم، هیوادارم یەکگرتنەوە و یەکگرتوویی ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ببێتە توانا و هاندەرێک بۆ هاوکاری و یەکگرتوویی هێزەکانی دژی ڕێژیمی ئاخوندیی ئێران. بێگومان لە هەموو لایەکمان ڕوونە و بە تاقی کردنەوەش دەرکەوتوە کە ڕێژیمی کۆنەپەرست و ستەمکاری کۆماری ئیسلامیی ئێران کە بە زەبروزەنگ دەسەڵاتی ئەگریسی خۆی بەسەر گەلانی ئێران دا سەپاندوە، چاوەڕوانی لێ ناکرێ چووکترین مافی ڕەوای گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران دابین بکا و، واز لە سەرکوت و ڕەشەکوژی لەناوەوە و دەردەوەی ئێران بێنێ. بۆیە تەنیا ڕێگا و ئاخرین ڕێگا کە لەبەردەم تێکۆشەرانی کورد و خەباتگێرانی ئازادیی سەرانسەری ئێران دایە خەباتێکی شێلگیرانەیە بۆ ڕووخاندنی ئەم ڕێژیمە تاوانبار و زۆردارە. گرینگترین و کاراترین چەکیش بۆ ئەم مەبەستە، یەکگرتوویی بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و هاوکاری و هاودەنگیی هێزە سەرانسەری یەکانی ئێرانە، کە ئەمڕۆ بەخۆشی یەوە دەبینین تێکۆشەرانی دێموکرات بەردی بناخەی ئەم ڕەوتە تازە و پێشکەوتووانەیە دادەنێن و سەرکەوتووانە بەئەنجامی دەگەیەنن. دیارە هەروەکوو مامۆستا لە وتارەکەی دا ئاماژەی بۆ کرد، ئەم دەسکەوتە لەخۆوە و کوت‌وپڕ نەهاتۆتەدی، بەڵکوو بەرهەمی هەوڵ و تێکۆشانی دۆستانی بزووتنەوەی گەلی کوردمان لە کوردستانی

ئێرانەو بە هەستی بەرپرسانەی هەموو لایەک گەیشتۆتە ئەنجام. خۆزگە ماوە دەبوو یادی هەموو ئەو خۆشەویستانە بکرێ کە بەدڵەوە هەوڵی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتیان دەدا، بەڵام مەرگ یان دەستی تاوانی رێژیمی ئاخوندی دەرفەتی وەدی هاتنی ئامانجی نەدان. رێگەم بدەن لەم بارەوە بۆ وێنەو لە جیاتی هەموو ئەو عەزیزانە کە دەیانەویست یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات بەچاوی خۆیان ببینن ناوی خوالێخۆشبوو کاک «نبی قادری» و شەهید کاک «عبداللە شریفی» بێنم و بڵێم هاورێیان داری ئاواتتان هاتەبەر، رەوانتان شادبێ و، رێگای ئامانجتان پڕرێبوار.

*خوشک و برایانی بەرێز!*

هەروەکوو ئاگادارن سیستەمی سیاسیی جیهان لە چەند ساڵی رابردوو دا گۆڕانێکی یەکجار قووڵ و بنەڕەتیی بەسەرداهاتوە، کە بێگومان لەگەڵ زۆر شێوەی خەباتی ئازادیخوازیی کۆن و سوننەتی باو لە بزووتنەوەی گەلی کورد دا یەکتر ناگرنەوە، هەربۆیە خۆبواردن و تەریک کەوتنەوە لەم ئاڵوگۆڕانەو نەقۆستنەوەی هەل و دەرفەتەکان زیانێکی گەورەمان پێ دەگەیەنێ. جێژن و کۆبوونەوەی ئەمڕۆمان نە تەنیا هەر مزگێنیی ئەمە دەدا ، کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەپاش ساڵەها جیایی و لێک دابڕان بۆ خۆ سازدان لەگەڵ ئەم ئاڵوگۆڕانە یەک دەگرێتەوە، بەڵکوو مژدەی ئەمەشی پێیە کە تێکۆشەرانی دێموکرات، لە توانایان دا هەیە ئاڵوگۆڕ لە خۆیان دا پێک بێنن و لەگەڵ رەوتی بەرەوپێش چوونی زەمان هەنگاو بنێن، بۆیە ئەم ئەزموون و تاقی کاریە گرینگیی تایبەتی خۆی هەیەو، لەسەر هەموو ئەندامانی حیزبە تێکۆشەرەکەمان لەدەرەوەو ژوورەوەی کوردستان پێویستە ئەم دەسکەوتە مێژووییە لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی ئەتەوەکەمان دا بپارێزن و گەشەی پێبدەن و بە ئامانجی سەرکەوتنی بگەیەنن. لەکۆتایی دا بە ئەرک و پێویست دەزانم سوپاسی هەموو ئەو هێز و لایەنە سیاسییانە بکەم کە لە ماوەی چەند ساڵی رابردوو دا یارمەتییان داین تێکۆشانی خۆمان لە پێناو ئامانجە رەواکانی گەلەکەمان دا درێژە پێبدەین و هەروەها سوپاسی هەموو ئەم لایەن و هێز و رێکخراو و کەسایەتییانە بکەم کە هەوڵیان داوە ریزەکانی حیزبی دێموکرات یەک بگرێتەوە و ، بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردمان لە کوردستانی ئێران دا بەهێزترو پتەوتربێ. هیوادارم بیرەوەریی ساڵی داهاتووی ئەم جێژنە پیرۆزە لە کوردستانێکی ئازاد و ئێرانێکی دێموکراتیک دا یاد بکەینەوە.

بڕووخێ رێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران!

پیرۆزبێ یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

سڵاو بۆ گیانی شەهیدانی رێگای ئازادیی گەلەکەمان و لەسەرووی هەموویانەوە سەرقافڵەی شەهیدان پێشەوا قازی محەممەد و دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی!

شاد و سەرکەوتووبن ١٩/١/١٣٧٥ ( ١٩٩٧/١/٨ )

# یەکگرتن

پەیمان

لە سەردەمێکی دژواردا
لە ڕێیەکی ناهەمواردا
کە دوژمنی دەورو بەرمان
تینوو بوو بە خوێنی سەرمان
ڕۆژمان کەوتەوە نەدیوان
تەفرەقە لێن بوو بە میوان
بەم جۆرە سەنگەر بوون بە دووان
قسەی گەرم بوو بە نەدووان
خەریک بوو ئەژنۆمان شل کا
تۆقی تەفرەقەمان لە مل کا

***

چۆن دەبوو بەم تەفرەقەیە
بڵێین باشە و کەڵکی هەیە ؟!
هەستانەوە بوو یان کەوتن؟
یان مایە بوو بۆ سەرکەوتن ؟!
قەت نەبوو بە مایەی هەڵدان
خۆهەڵدێران بوو خۆ هەڵدان
لێک دابران لە سەفەردا
لە سەفەرێکی خەتەردا
لەو شوێنەی دوژمنی غەددار
تا ئێستا بە هەزاران جار
تۆڕی تەفرەقەی تەندووە
ئێمەی پێوە تەزاندووە
هەڵەیە کە پێمان چابێ
هەرگیز بۆ شانازی نابێ

***

بۆیە ئەم یەکبوونەوەمان
بەم یەک ڕێدا چوونەوەمان
دەسکەوتێکی پڕ بەجێیە
لەمێژە کورد کاری پێیە
بەم یەکگرتن و ڕێبازە
گەل خۆشحاڵ و سەرفیرازە

هەواڵنامەی کتێب

دۆستەکانمان شاد و مەستن
سروود بێژ و جام بەدەستن
دوژمن لەو دیوی پەردەدا
لەم دنیای ژان و دەردەدا
ئەغیارە و دەخسە چۆتەوە
کاسەی لەدەس بەر بۆتەوە
کۆنە هاوڕێیانی لێک دوور
لە نێوانیان نەمان سنوور
شەهیدەکانمان بە پێوەن
بەرەو ئەم کۆرە بەرێوەن
بەڵێن برانۆ کوردۆ ، گەلۆ
لەدایک بوونە لێ دەلۆ
کەژ کەژ باڵمان چۆ سەرێ
رۆژمان لە گەل هاتە دەرێ

⁂

لەژێر ئەم تیشک و نوورەدا
لەم ئەورۆژە رووسوورەدا
حیزب وەکوو دایکێکی پیر
پیرێکی بە ئەزموون و ژیر
لە دەوری شەمی تەمەنی
سەرمەستانە پێدەکەنی
عیشق و جووانی و بەختەوەری
قووبەی لەسەر تەوقی سەری
رووگەش وەکو بووکی بەهار
گەشاوە وەک گلووکی دار
گەلەکەت تر لە مێژووی خۆی
قایم وەکوو ئەسڵ و پێڕۆی
سەرمەست بە بادەی ئەندێشە
کەیف خۆشتر لە هەمیشە
وەفادار بە شەهیدانی
لە نێو کۆڕی مریدانی
لە خۆشیی خەم و تاسەی چووی
ئەرم و دڵگیرانە فەرمووی؛
هەڵاتەوە رۆژی ون بووم
لە سەراوە لە دایک بووم
جەژنە جەژنی یەکگرتنە
دژی سەنگەر لێک گرتنە
بژی جەژنی یەکگرتنمان
پیرۆز بێ لە پیاو و ژنمان

□

# بانگی یەکگرتن

بێ بەش

هۆ هەباران!

سەر هەڵبڕن، زستانی سارد ڕەنگی بەهاری گرتوە، ڕەیستەی سەوزی حەزو هیوامان بە شنەی بتاوێنێ بەندی خەفەت کەرویشکە دەکا. تیشکی هەتاوی هیوا زاوەتە نێو شەوقی سەرچڵی مژۆڵی کیژان و کوڕانی دڵ لە کوڵ و باخەوانی شارەزا بە چریکەی خۆش و دڵ لاوێن شادترین بەستە دەچڕێ. ئەنگوستەکانی شوانی شەیدای شەنگە بیری زۆر ئاهەنگێن لەسەر بەژنی شمشاڵ دەبزوون و پەژواکی شاسروودی دوژمن بەزێن دەشت و کۆسار دادەگرێ.

دەی هەباران!

سەرتان بەرز و بەرزترکەن، کەوا کۆترێک بە دوو باڵی خوێنینەوە، لکی گوڵی هیوا و حەزی هەڵگرتوە و بەرەو مەزرای تینووی چاوەڕوانی، بەرەو گزوەندی غەم تارێن، بەرەو جێ‌ژوان، بەرەو کۆزڕی دەروێشانی نێو خانەقای حەق و ژیان هەڵدەفڕێ، هەڵدەفڕێ و دڵنیایە ئیدی چی دی بەفر و تۆفان و باکوتەی لە ڕێ نایە.

دەی هەباران!

بۆم بانگ کەنە سێوە و بڵێن وا سەحەرە، هەستێنەوە و بە گوێی هەرچی ڕازێنەری سروشتمانە، بچرپێنێ کە شەو بەڕێ و ئەوا ڕۆژی بەختی ئێمەش سەرهەڵدێنێ، بۆم بانگ کەنە خانی و بڵێن «یەکگرە» مرد و ئەوجار لە وەسفی جێ‌ژوانی مەم و زینانی بێ‌خەمدا شیعر بڵێ. بۆم بانگ کەنە چوارچرایە، بڵێن هەڵبێ، ئەوا جێژنی شادیی ڕوحی پێشەوایە.

«با زێڕوەشان» دەسماڵی ڕەشی تووڕ هەڵدا و بە فرمێسکی گەشی شادی، زێڕوەشانی بووکی سووری چلچەمە کا، با ئاریەبا پەناز دارێنە هەڵسێنێ، شەماڵیش بۆ ئاوپژێنی مەزاری ئاوارەکان وەخۆ کەوێ، ئاگری ئاوری پیرۆزبایی هەڵکا و شاهۆ خەمی لێک تەوەلایی لە نێو دڵی بێستوون و ئاوییەر و داڵەهۆ دەربهێنێ کەوا قەندیل بە هەیبەت و بەرزایی خۆی بانگی یەکبوونی هەڵداوە، کەوا کوڵەکەی ڕوحی دێو دەشکێ و کانیی هیوا پڕ لە ئاوە.

دەبا «قەرەنگ» چەپکێ بزەی لێوی منالانی «سندووس» کۆ کاتەوە و بۆ دایکانی چاوەڕوانیی شادی و خۆشی و ئارەدانیی دەوروبەری «ئاڵشکێن» و «بەیان» بەرێ کا. دەبا هەرچی ڕێبواری ڕێی ئازادیی وڵاتی گڕ و خوێن و خەباتمانە ئاڵای بەختیاری هەڵکا، کەوا گڕی دوو چرای ژین، دوو تیشکی ڕوونی شەو بەزێن یەکیان گرت و دوو ڕێبواری ڕێی یەک مەبەست بوونەوە یەک، دەست لە نێو دەست بەرەو بەهاری ڕزگاری، بۆ ڕووخاندنی قەڵای بەدشوومی زۆرداری، بۆ خەملاندنی خاکی پاکی کوردەواری دەچنە پێش، دەچنە پێش و قەت ناسرەون، دەچنە پێش و قەت ناکەون، دەچنە پێش و دەچنە پێش، تا سەرئەنجام سەردەکەون. □

# پەیامی حیزب و ریکخراو و شەخسییەتە سیاسی یەکان بەبۆنەی یەکگرتنەوەی ریزەکانی حیزب

## پەیامە ئێرانی یەکان :

پیام تبریک به حزب دمکرات کردستان ایران بمناسبت وحدت مجدد صفوف حزب!

خبر اتحاد مجدد صفوف حزب شما را شنیده و مسرور شدیم. از بابت اقدام مسئولانه و بسیار سنجیده، وحدت مجدد صفوف حزب به همه کادرها، پیشمرگان، اعضاء، و هواداران حزب شما تبریک می‌گوئیم و امیدواریم که وحدت حاصل آمده در صفوف حزب، پایدار و ماندگار باشد.

جدائی و تفرقه در صفوف حزب دمکرات در چند سال گذشته اثرات بسیار مخربی بر جنبش خلق کرد، بر روحیه مردم حامی جنبش و بر نیروهای مدافع آزادی و حقوق ملی در ایران برجای نهاده بود. مسلماً از این موقعیت تنها رژیم استبدادی و ضدخلقی جمهوری اسلامی و نیروهای ضد دمکرات سود می‌برند. با اتحاد مجدد صفوف حزب، شادکامی دشمنان آزادی در ایران بار دیگر به ناکامی مبدل خواهد شد. دوستان گرامی با وحدت مجدد صفوف حزب اکنون دفتری از خاطرات تلخ و دردناک ـ که گاه تا سرحد یک جنگ خانگی بی‌فرجام ارتقاء می‌یافت ـ بسته می‌شود، و باشد که هرگز این دفتر گشوده نگردد!

ما امیدواریم وحدت صفوف حزب، مقدمه‌ای برای تنظیم روابط دوستانه و دمکراتیک بین حزب دمکرات کردستان ایران و سازمان کردستانی حزب کمونیست ایران (کومه‌له) بر مبنای موازین دمکراتیک و اصول باشد. این موازین می‌تواند بگونه‌ای تنظیم گردد که مجاری دمکراتیک و متعهدانه‌ای برای حل کلیه‌ی اختلافات فراهم ساخته و هر نوع امکان بروز مجدد جنگ خانگی را برای همیشه به خاک بسپارد. در چنین شرایطی است که کردستان میتواند به یک الگوی دمکراتیک برای نحوه‌ی تنظیم رابطه میان نیروهای سیاسی مبدل گردد. امیدواریم که این گام رهگشا نیز هرچه زودتر عملی گردد.

با تبریکات و با بهترین آرزوها

*هیأت اجرائی سازمان کارگران انقلابی ایران ( راه‌کارگر )*

۲۴دی ۱۳۷۵

***

پیام تبریک به کمیته مرکزی حزب دمکرات کردستان ایران!

دوستان گرامی کمیته مرکزی حزب دمکرات کردستان ایران

بادرودهای صمیمانه

اتحاد مجدد صفوف حزب دمکرات کردستان ایران را ، به شما و همه‌ی اعضا و کادرهای حزب تبریک گفته، موفقیت شما را در مبارزه جهت تحقق شعار دمکراسی برای ایران و خودمختاری برای کردستان آرزو می‌کنیم.

شکاف در صفوف حزب دمکرات، از همان آغاز مورد تأسف ما و خود لطمه‌ای بر روند رشد جنبش مردمی در کردستان بود. از همین‌رو نیز از همان نخست تأکیدما، بر تلاش برای اتحاد مجدد صفوف حزب، با توجه به اهمیت و نقش آن در رهبری مبارزات مردم کردستان بود.

وحدت صفوف شما، بخصوص در شرایطی که جمهوری اسلامی تمام نیروی خود در غرب کشور را برای ضربه زدن به نیروی رزمی حزب متمرکز نموده است، گامی مهم در مقابله با این تقلاهای مذبوحانه رژیم است. اتحاد شما همچنین پاسخ دندان‌شکنی بر تصورات باطل سران جمهوری اسلامی است که با ترور رهبران حزب، خواب فروپاشیدن آنرا می‌دیدند.

وحدت مجدد صفوف حزب دمکرات کردستان اقدامی جدی در پاسخ به نیازهای جنبش مردمی در کردستان است. امید ما آن است که حزب دمکرات با غلبه بر عوارض منفی هشت سال جدایی در صفوف خود و برخورد منطقی با آنها، بتواند این اتحاد را مستحکم نماید و با همین روحیه نیز به سهم خود در دامن زدن به همکاری‌ها و اتحاد عمل‌های بیشتر در میان نیروهای اپوزیسیون گام بردارد.

بار دیگر خوشحالی و مسرت خود را از اتحاد صفوف حزب ابراز داشته، این اتحاد را به شما تبریک می‌گوئیم.

*کمیته مرکزی سازمان اتحاد فدائیان خلق ایران*

*۱۵ ژانویه‌ی ۱۹۹۷ - ۲۶ دیماه ۱۳۷۵*

***

به کمیته‌ی مرکزی حزب دمکرات کردستان ایران

رفقای گرامی !

شادمانه اطلاع یافتیم که تلاش‌های خستگی‌ناپذیر و پیگیرانه‌ی همه‌ی شما در راه وحدت دگربار کردهای دمکرات ایرانی عضو حزب دمکرات کردستان ایران به بار نشست و حزب دیرپای شما یگانگی دیرین خود را باز یافت.

گسستی که چند سال پیش در صفوف حزب شما پدید آمد و عوارض ناگوار در جنبش دمکراتیک سراسر کشور و جنبش ملی کردستان ایران برجای گذاشت، از همان آغاز موجب نگرانی و تأثر ما و دیگر نیروهای دموکراتیک میهنمان بود و بر

همین پایه هم فراخوان‌های متعدد نسبت به هر دو بخش تقسیم شده حزب دموکرات کردستان ایران در راه پایان دادن به اختلافات و در پیش گرفتن تفاهم متقابل، مذاکره و وحدت مجدد را همراه داشت. ما از همان ابتدا بر این باور بودیم که باید و می‌توان با ابراز مسئولیت سیاسی بالا به همت هر دو طرف، بر روحیه انشعاب و تقابل غلبه کرد و حزب دموکرات کردستان ایران را در سیمایی واحد و نیرومند نشان داد.

رفقای گرامی ! به نتیجه رسیدن تلاشهای وحدت‌طلبانه شما را صمیمانه تبریک می‌گوئیم و برای حزب شما در مبارزه برای تأمین دمکراسی در کشور و در مبارزه بخاطر احقاق حقوق ملی کردهای میهنمان موفقیت آرزو می‌کنیم. سازمان ما همچون گذشته دست همه شما را در مبارزه بخاطر اهداف مشترک‌مان صمیمانه می‌فشارد.

بادرودهای رفیقانه

*روابط عمومی شورای مرکزی سازمان فدائیان خلق ایران*

*( اکثریت )*

*فریدون احمدی*

**۲۸ دی ماه ۱۳۷۵**

***

حضور دبیرکل حزب دمکرات کردستان ایران و دلاوران سلحشور کرد که علی‌رغم همه ضربه‌ها، همچنان پرچم یکپارچگی ایران، و حاکمیت ملی را در قالب شعار دمکراسی برای ایران بر شانه‌های حزب سرافراز خود در اهتزاز نگاه داشته‌اند.

بی‌گمان در این برهه‌ی عهدشکنی و در زمانی که یاران دیروز، همه از کناره می‌روند، شنیدن این خبر مسرت‌آور که « باشد آن زمانه که شماری از یاران حزب دمکرات از کناره می‌رفتند و از دل آزردگی‌هاشان، دشمنان دمکراسی و حاکمیت ملی وابسته به بیگانه، وسیله‌ای جهت خنجر زدن به حزب و شکستن صفوف رزمندگان کرد، ساخته بودند » آری شنیدن این خبر، نیروئی تازه به جان‌های خسته عاشقان وطن می‌داد. کاک حسن باز می‌گشت تا در کنار ماموستا حسن‌زاده، و یاران دیر و دور کوهستانهای سربفلک داده‌ی کردستان، ستیز ملی را ادامه دهد.

استبداد حاکم جدائی شما را جشن گرفته بود و ظل‌الله مجاهد با آغوش باز این جدائی را خوشآمد گفته بود.

اینک نگاه کنید هردوشان، چه حالی دارند! پس خوشا حال شما و هوای شما که پر از وحدت است و یگانگی، پر از حماسه است و غرور، خوشا حال شما، کاش این لحظه در کنار شما بودم.

*علیرضا نوری‌زاده ، لندن ـ ۲۳ دیماه ۱۳۷۵*

به حزب دمکرات کردستان ایران!

خبر اتحاد مجدد حزب دمکرات کردستان ایران، برای هر ایرانی وطن‌پرست، که رژیم ضدبشری جمهوری اسلامی را با گوشت‌و پوست تجربه کرده است، و نیز برای هر انسان آزاده‌ای، بهترین هدیه‌و بالطبع بسیار مسرت‌بخش است.

هرگونه تفرقه‌و انشعاب در درون سازمانها و احزاب اپوزیسیون، باعث شادمانی‌و پایکوبی رژیم جنایتکارو ضدملی جمهوری اسلامی است. اما از طرف دیگر، اتحاد لرزه سرنگونی براندامش می‌اندازد و باهر وحدت عملی، مرگ محتوم خود را هر چه ملموستر احساس می‌کند.

اتحاد مجدد حزب را به ملت ایران، مردم کردستان، رهبری حزب و تک‌تک اعضا‌و بیشمرگان حزب تبریک می‌گوییم. به‌امید روزی که، همه جریانات مستقل‌و آزادیخواه اپوزیسیون به این مهم نایل آیند که تنها راه سرنگونی رژیم جهل‌و جنایت حاکم بر ایران‌و استقرار حاکمیت ملی‌و مردمی از وحدت عمل خلق‌و پیشتازان آن میگذرد. جبهه متحد تنها و تنها ضامن استقلال‌و آزادی میهنمان ایران است.

گروهی از پناهندگان سیاسی ایرانی بواسکوله- فنلاند

۱۹۹۷/۱/۱۵

***

ز بیابان تفرقه گذشتن سرور دوستان است

بارگران خصم باشد سپاه اندر سپاه اینک

رفقا و دوستان مبارز، هر دو شاخه‌ی حزب دمکرات کردستان ایران!

باسرورو شعف فراوان بیانیه‌ی مشترک، مبنی بر یکی شدنتان را که خیلی وقت است خلق قهرمان پرورکرد درسراسرکردستان در انتظار آن است، بدستم رسید.

اجازه بدهید ضمن تبریک و تهنیت بمناسبت اتحاد مجدد شماها رفقای مبارز حزب دمکرات کردستان ، بر وزن یک شعر از شاعر نامدار، حافظ شیرین سخن، عرض کنم!

زفکر تفرقه باز آمدید و بهم پیوستید بحکم آنکه چو رفت اهریمن سروش آمد

اهریمن تفرقه و جدائی که حدود هشت سال برسر حزب دمکرات کردستان ایران سایه افکنده بود، اینک با کوشش خستگی‌ناپذیر فرد فرد اعضای فعال حزب از هر دو طرف‌و تدابیر رفقای رهبری، اتحاد بثمره‌ی نیکو رسید‌و سروش شادی‌آور، خبر این پیروزی را به‌خلق مقاوم‌و مبارز کردستان ایران و همه‌ی دوستان خلق کرد رساند.

بنده، بنام یک کرد و بنام عضوی از شورای رهبری اتحادیه‌ی بین‌المللی برای دفاع از حقوق بشر در کردستان، این پیروزی تاریخی را به بیشمرگان قهرمان و اعضای حزب، برهبری هر دو بخش حزب دمکرات کردستان و بویژه به ماموستا

عبدالله حسن‌زاده و کاک حسن رستگار تبریک و شادباش می گویم.

رفقای مبارز، بدون شک دشمنان خلق کرد از این اقدام درست و بسود جنبش، راضی نیستند و دلخوشی هم نخواهند داشت، ولی شما اعضای رهبری با این تصمیم خود، همه، دوستان حزب و خلق کرد را خوشحال نمودید و مطمئنا- نامتان در تاریخ مبارزات حق‌طلبانه، خلقمان به نیکی ثبت خواهد گردید.

با آرزوی توان هرچه بیشتر و ابتکارمدبرانه‌تر برای حفظ و تداوم این اتحاد و برادری.

راهتان پربارتر باد

هایدلبرگ / یازدهم ژانویه ۱۹۹۷

دکتر گل‌مراد مرادی

***

بە ناوی خوداوەندی بەخشندەی میهرەبان

بەڕێز دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران!

لەگەڵ ڕێز و سڵاودا!

بەبۆنەی ئەنجامدانی کاری گەورە و پڕلە شانازی ( یەک گرتنەوەی برادەرانی دیمۆکرات و کۆتاییکردنەوەی دیری جیاوازی ) لە نێوان برایانی هاومەبدە، و هاوڕێدا، گەرمترین پیرۆزباییتان پێشکەش دەکەین. پیرۆزبێ لە خۆتان و لە گەلی کورد.

هیوادارین کە یەکگرتوویی برادەرانی حیزب و بێزاری‌یان لە ئیختیلافی ناوخۆ، بەرایی برایەتی و دۆستایەتیی گەرم و ئازادی دەرانە بێ لەگەڵ خەباتگێڕانی دەرەوەی حیزبی دیمۆکراتدا. بژین بە یەکیەتی و جارێکی‌تر ڕووکاری دوو بەرەکی نەبینینەوە.

دەفتەری سیاسیی

سازمانی خەباتی نەتەوایەتی و ئیسلامیی کوردستانی ئێران ( خەبات )

***

بە نێوی خودای بەخشندەی میهرەبان

بەڕێز سەرکردایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران!

سڵاوێکی گەرم و بێ‌خەوش! سەربەرزیی ئێوە و سەرکەوتنی بزووتنەوە ڕەواکەی کوردستان ئاواتمانە.

بەیاننامەی هاوبەشی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ سەبارەت بە ڕێککەوتنی هەردووک لا لەسەر کۆتایی هێنان بە دووپارچەیی حیزب و کۆبوونەوەی هەموو تێکۆشەرانی حیزبەکەتان لە ژێر یەک ئێو و لە یەک ڕیزی یەکگرتوودا بوویە هۆی دڵخۆشیی هەموو دۆستانی حیزب و دڵسۆزانی گەلەکەمان بەگشتی و ئێمەی هاوخەباتی حیزب بە تایبەتی.

بێگومان ئەو هەنگاوە پیرۆزو شۆڕشگێڕانەیە گورپوتینێکی زیاتر دەدا بە دەماری خەباتی ڕزگاریخوازانەی خەباتگێڕانی گەلەکەمان و دەستکەوتێکی بەنرخەکە لەم قۆناخە تایبەتی یەی جوولانەوەی کوردستاندا لەلایەن بەرپرسانی هەردووک لاوە کراوە بەدیاری یەکی مێژوویی بۆ گەلی کورد. ئەو هەڵوێستە شۆڕشگێڕانەیە لە پێش هەموو شتێک دا ڕادەی هەست کردنی سەرکردایەتیی هەردووک لایەن بە بەرپرسیاری لە بەرامبەر مەسەلەی کورد دا نیشان دەدا وەک میدالێ شانازی بە بەرزکیانەوە هەڵداوەسرێ و لەنێو لاپەڕەکانی مێژووی خەباتی گەلی کورد و تێکۆشانی حیزبەکەیان دا تۆمار دەکرێ.

ئێمە سازمانی خەباتی شۆڕشگێڕی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ئەو هەنگاوە بایی دارەوە پڕبەدڵ پیرۆزبایی لە خۆمان و لە هەموو ئەندام و لایەنگرانی حیزب و لە کۆمەلانی خەڵکی کوردستان دەکەین و هیوادارین تەبایی و هاوکاری و دۆستایەتیی زیاتر لەنێوان هەموو لایەنەکانی بەشدار لە گۆڕەپانی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد و حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکەی ئێران دا برەخسێ و ڕۆژبەڕۆژ پێوەندی یەکانیان قووڵتر و پتەوتر بکەن و هەموو لەمپەرەکانی نێوانیان بپەڕێنن و لە ڕیزێکی یەکگرتوودا بە گژ ڕێژیمی ستەمگەر و دژی ئازادیی ئاخوندی دا بچنەوە و بۆ وەدی هێنانی ئاواتی گەلانی ژێرستەمی ئێران تێ بکۆشن.

پیرۆزبێ یەکگرتنتان.

سەرکەوێ بزووتنەوە ڕەواکەی کوردستان.

دەفتەری سیاسیی

سازمانی خەباتی شۆڕشگێڕی کوردستانی ئێران

٢٢/١٠/١٣٧٥ ( ١١/١/١٩٩٧

***

بەڕێز دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران!

سلاوی شۆڕشگێڕانەی گەرم!

هەواڵی گەڕانەوەی یەکپارچەیی و یەکگرتوویی بۆ ڕیزەکانی تێکۆشەرانی «دیموکرات»ـەو درێژەدانی خەبات لە ڕیزێکی یەکگرتوودا، لە ناخی دڵەوە خۆشحاڵی کردین و بەم بۆنەوە گەرمترین پیرۆزبایی پێشکێشی بەڕێزتان و سەرجەم خەباتگێڕانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەکەین.

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان ئەمڕۆ زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە پێویستیی بە یەکیەتی و تەبایی و هاوکاریی هەموو ڕێبوارانی ڕێگای ڕزگاریی وڵاتە خۆشەویستەکەمان هەیە. هیوادارو ئاواتەخوازین ئەم هەنگاوە بەنرخە ڕیزەکانی حیزبە تێکۆشەرەکەتان پتەوتر بکات و هەروەها بێجگە لە بەهێزکردنی هاوکاری یەکانی ڕابردوو، ڕێگا بۆ پێک هێنانی چوارچێوەیەکی سیاسی، کە لەودا حیزب و ڕێکخراوو

کەسایەتی بە شۆڕشگێڕ و نیشتمانپەروەرەکانی کوردستان لە دەوری بەرنامەیەکی هاوبەش بۆ خەبات لە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و وەدەستهێنانی مافەکانی گەلەکەمان کۆ بکاتەوە، خۆش بکات.

لەگەڵ پیرۆزبایی دووبارەدا

کۆمیتەی ناوەندیی
یەکیەتیی شۆڕشگێڕانی گەلی کوردستان
١٣٧٥/١./٢١

***

بۆ بەڕێز دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران!
یەکگرتنەوە و پتەوبوونەوەی ڕیزەکانی حیزبی دیموکرات پیرۆز بێت!

پاش کۆنگرەی دەیەمی حیزب بە پەرۆشەوە چاوەڕێی هەواڵی یەک بوونەوەی ڕیزی تێکۆشەرانی حیزبی شەهیدان قازی پێشەوا، قاسملووی مامۆستا، شەرەفکەندیی زانا بووین. سەرەنجام پاش دانیشتن و وتوێژ و ئاڵوگۆڕی بیروڕا لە ڕێکەوتی ١٩ی بەفرانباری ١٣٧٥ی هەتاوی هەواڵی یەکگرتنەوەی بنەماڵەی گەورەی حیزبی دیموکراتی کوردستای ئێرانمان لە ڕادیو دەنگی کوردستانی ئێرانەوە بیست. بەحەق ئەو مزگێنییە، مزگێنیی وەرچەرخانی مێژووی پڕلەکارەساتی بزووتنەوەی گەلی کوردە، بۆیە جێی خۆیەتی هەزاران ئافەرین و سڵاو ئاراستەی تێکۆشەرانی دیموکرات بکەین کە وا ئەمجارەش لە مەیدانی لەگۆڕنانی ئاژاوە و دووبەرەکیی ئێوخۆیی و بەهەدەردانی تواناکاندا گوێیان دەرکرد و چاوی پڕفرمێسکی دایکی شەهیدانی کوردستانیان سڕی. دەرفەت بە تێکدانی پیلانەکانی دوژمنانی کوردیان دەست پێ کرد و ئاسۆی ئیرەلەناوچووی کوردیان بەوپەڕی شەهامەت و لەخۆبوردوویی بەوە کرییەوە. بەو هیوایە کە حیزبی دیموکرات لەم قۆناغەشدا لە بزووتنەوەی کورد بێ‌ڕێبوار نەمێنێتەوە تا بە یەکگرتوویی و تەبایی هەموو ئاواتەکانی کورد بێتە دی.

جارێکی تریش پیرۆزبایی و ئافەرین لە خۆمان و لە هەموو تێکۆشەرانی دیموکرات و گەلی کورد دەکەین. هیواخوازین حیزبی دیموکرات هەنگاو بە هەنگاو لە سەرکەوتنی یەکجاری نزیک بێتەوە و لە داهاتوویەکی نزیکدا لە سایەی خەباتی تێکۆشەرانی دیموکراتدا لە کوردستانێکی ئازاد مژدەی جێژنێکی ئازادیی کورد بە گوێی جیهاندا بدا.

بە سوپاسەوە

لە ئۆردووگای کوردە ئاوارەکانی ڕۆمادییە
٢.ی بەفرانباری ١٣٧٥ی هەتاوی

***





[watermark]

بەڕێز دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!
سڵاوێکی گەرم و شۆڕشگێڕانە

وێڕای سڵاو و ڕێز سەرکەوتنتان بە سەر دوژمنی داخ لە دڵی گەلەکەمان و گەیشتن بە مافی هەقخوازانەی نەتەوەکەمان ئاوات و ئارەزوومانە.

ئێمە کە کوردە، پەنابەرەکانی ئێرانین و خۆمان بە هەوادار و لایەنگری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەزانین و دانیشتووی ناوچەی پشدەر و بیتوێنین، پڕ بە دڵ پیرۆزبایی ئەنگاو هاویشتنی گرنگی هەردوولا دەکەین بۆ سەرلەنوێ یەکگرتنەوە و یەکپارچەیی حیزبە خۆشەویستەکەمان کە نەتان هێشت دوژمنانی گەل و نیشتمان لەوە زیاتر ناکۆکی لەنێو ڕیزەکانی حیزب دا پەیدا بکەن و ئیستیفادە لە دووبەرەکی ئاناوە بکەن.

بەڕێزان! بیستنی ئەو هەواڵە خۆش و ئومید بەخشە کە ئیختیلافی ٨ ساڵەی حیزبی دێموکرات و ڕێبەرایەتی کۆتایی هاتوە و ئێستا وەک هەشت ساڵ لەوەپێش هەردوولا لە قەوارە و چوارچێوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا یەک سەف و «متحد» و یەکپارچە خەبات و تێکۆشان ئیدامە دەدەن. بۆیە مایەی خۆشحاڵیی ئێمە و هەموو نیشتمان پەروەر و دڵسۆزێکی نەتەوەکەمان.

هەموو لایەکمان باش ئەو واقیعیەتە تاڵە دەزانین کە ئەو دووبەرەکییە لەناو ڕیزەکانی حیزب دا بەناوی دوولایەنی لێک جیا و دژ بەیەک چ زیانێکی گەورەی بە خەبات و تێکۆشانی حیزب و گەل گەیاندوە و چۆن دڵی دڵسۆزانی حیزب و گەل ئازاری پێ گەیشتوە و هەروەها چۆنیش هەل بۆ دوژمنان ڕەخساوە کە بە کەیفی خۆیان ئاژاوە بنێنەوە و ئاژاوە بگێڕن و لە ئاوی لێڵ ماسی بگرن. بەڵام بەخۆشییەوە لە نەتیجەی لێکدانەوە و بۆچوونی حەکیمانەی ڕێبەرایەتیی هەر دوولا و وەفاداریی دۆست و دڵسۆزانی حیزبەکەمان چۆن هەوڵ و هەڵسووڕانی دوژمنان و ناحەزانی حیزب و گەلمان بێ ئاکام مایەوە و بوو بە بڵقی سەرئاو و پووچایەوە.

ئێستا ئێمە بە خۆش بینی و گەش بینییەوە دەڕوانینە ئەو مەسەلە گرنگە کە پاراستنی وەحدەت و یەکپارچەیی حیزبەکەمان لەسەر شانی ڕابەرایەتیی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە و پاراستنی ئەو یەکیەتیەش زامنی سەرکەوتنی نەتەوەی کوردە. داوای دڵسۆزانیشمان ئەوەیە لە بەڕێوەبەرایەتیی حیزب لە داهاتوودا مەجالی ڕووداوی ئاوا ناحەز و سامناک نەدا کە جارێکی دیکە دووبەرەکی و تەفرەقە باڵ بەسەر قەوارەی گشتیی حیزب دا بکێشی و لەمپەرێک بێت لەسەر ڕێگای خەبات و تێکۆشان و دەست و پاگیری حیزب و تێکۆشەران بێت.

بەڕێزان! ئێوە زۆر لە ئێمە باشتر دەزانن کە مێژووی کۆن و نوێی نەتەوەکەمان نیشاندەری خەباتی دوورودرێژ و سەرنەکەوتووانەی نەتەوەی کورد نەتیجەی دووبەرەکی و ملململانە و پەرش و بڵاویی ناو حیزبەکان بووە وەک سەددێک لەسەر ڕێگای سەرکەوتن

راوەستاوە. ئێستاش خۆپاراستن لەو دووبەرەکی یەو رێگا نەدان بەو دیاردەیە ناحەزە زامنی سەرکەوتنی تێکۆشانی نیشتمان پەروەرانەو مژدەی شادیی خوێنی شەهیدانە.

پیرۆز بێت یەکگرتنەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.

سەرکەوێ حیزبی دیموکراتی رێبەرو رێکخەری جوولانەوەی گەلی کورد لە سەرانسەری کوردستانی ئێران دا.

بڕووخێ رژێمی تیروریست و کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

لەگەڵ یەک دونیا رێزو حورمەت

*ئەندامانی شوورا و نوێنەرایەتیی کوردە پەنابەرەکانی ئێرانیی دانیشتووی ناوچەی پشدەرو بیتوێن.* ۱۳۷۵/۱۰/۲۲

***

بەڕێز دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

سلاوێکی گەرم و شۆڕشگێڕانەتان پێشکەش.

بەبۆنەی یەکگرتنەوەی هەر دووباڵی حیزبی دیموکرات و یەکخستنی هێزەکان لە ریزێکی یەکگرتوودا، بە ناوی شووڕای پەناهەندە سیاسیی یە ئێرانی یەکان لە سلێمانی و بە نوێنەرایەتیی زیاتر لە ۸۰ پەنابەر و ئاوارەی ئێرانی پیرۆزبایی و پێخۆشحاڵیی خۆمان بەرامبەر بەو ئەرکە پیرۆز و نیشتمان پەروەری یەتان دەردەبڕین. هیواداریـن رێبەرایەتیی دروست و ئوسوولیی حیزب هەروا بەردەوام لەسەر رەوتی خەبات و هەوڵ و توانای رۆڵەکانی گەلەکەمان بۆ رووخاندنی رژێمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران شێلگیرانەتر بێ و هەوڵ بدرێ بەرەیەک لە هێزە رەسەن و شۆڕشگێڕەکان پێک بێت.

جارێکی دیکە یەکگرتنەوەتان پیرۆز بێ و درێژە پێدەری رێگای شەهیدان بن.

*شووڕای پەناهەندە سیاسی یە ئێرانی یەکان ـ سلێمانی*

۱۹۹۷/۱/۱۷

***

بەڕێز کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران!

بەبۆنەی یەکگرتنەوەی ریزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، پڕبەدڵ پیرۆزبایی لە ئێوەو تێکڕای ئەندامان و لایەنگرانی حیزب و هەموو خەڵکی کوردستان دەکەین.

ئەو هەنگاوە پیرۆزە ئیمکاناتێکی زیاترو بەرینتری بۆ خەبات بە دژی کۆماری ئیسلامی پێک هێناوەو هەرجۆرە خەون و خەیاڵێکی رژێمی بە مەبەستی لاواز کردن و تێک شکاندنی جوولانەوەی میللی ـ دیموکراتیکی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دا پووچەڵ کردەوە.

ئەو کردەوە شۆڕشگێڕانەو و دیموکراتی یەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

کۆتایی بە چاوەڕوانیی نۆگران و لایەنگرانی ئەو حیزبە و هەموو خەڵکی کوردستانی ئێران هێنا و ئەوانی بە ئاواتی چەندین ساڵەیان گەیاند.

هیوادارین ئەو یەکگرتنەوەیە گڕ و تینێکی زیاتر بە خەباتی ڕەوا و بەرحەقی خەڵکی کوردستانی ئێران بە ڕێبەرایەتیی حیزبە شۆڕشگێڕەکەیان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ببەخشێ.

*کۆمەڵێک لە خوێندکارانی کوردی ئێرانیی*

*زانستگای «صلاح‌الدین»، هەولێر* ١٣٧٥/١١/٢٥

***

بەڕێز دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

سڵاو!

وێڕای ڕێز و سڵاوی تایبەتی خۆشحاڵیی خۆمان دەردەبڕین سەبارەت بە یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزب و پیرۆزبایی لە هەموو خەڵکی کورد و بە تایبەتی حیزبی دێموکرات دەکەین. هیوادارین ئەم یەکگرتنە کار بکاتە سەر هەموو هێزەکانی موخالیفی کۆماری ئیسلامی و هەروەها ئێمە حازرین بۆ پاراستنی گیانی برایەتی و تەبایی، ئەوپەڕی هاوکاری لە خۆمان نیشان بدەین. بە سپاسی دووبارەوە.

*لەلایەن شوورای ئاوارەکانی ئێرانی لە حامیە و قریەی ڕەواندووزی*

*سەر بە قەزای سۆران لە کوردستانی عێراق*

١٣٧٥/١٠/٢٣

***

بەڕێز دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئورووپا!

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە.

بە خۆشییەوە هەواڵی یەکگرتنەوەی دووباڵی حیزبمان لە ڕاگەیەنە گشتییەکانی جیهانەوە بیست و زۆر خۆشحاڵ بووین.

بێ‌شک بە بیستنی ئەم هەواڵە هەموو گەلی کورد و گشت دۆستانی شاد و خۆشحاڵ بوون و دوژمنانیش غەمگین و نارەحەت. بەم بۆنە پیرۆزەوە ئێمە پەنابەرانی کورد لە تورکیە گەرمترین پیرۆزبایی بە ئێوە و لە ڕێگای ئێوەشەوە بە ڕێبەرایەتیی حیزب و هەموو کادر و پێشمەرگەکانی حیزب، بنەماڵەی بەڕێزی شەهیدان و هەموو گەلی کورد دەڵێین و هیوادارین بە پتەوکردنی ڕیزەکانی حیزب، خەباتی گەلی کوردمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دژی ڕژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران، پتەوتر بێ و هیوادارین ئەم یەکگرتنەوەیە زەمینە خۆش‌کەری یەکگرتنی گەورەتر بێ.

*یەکیەتیی پەنابەران و پەناخوازانی کورد لە تورکیە.*

١٩٩٧/١/١٤

***

بەناوی خوداوەندی بەخشندەی میهرەبان

بۆ برای بەڕێزو تێکۆشەر مامۆستا عبداللە حسن‌زادە!

سلاوی گەرمو بەپێتت پێشکەش. لە خودا داواکارم کە بەختەوەر بژی تا دیرزەمانو بە بەختەوەری ئەو دنیاش، پێ بنێیتە ئەو دیو.

یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران مایەی خۆشحاڵیمان بووەو هەیە. وە ئەگەر وابێ کارەکانتان پاداشی خودا لێی بێ، ئێمەش لەو پاداشانەدا بێ بەش نابین وەک لە شانازیی قسەی چاک دا بێ بەش نیین. گەلێ مایەی سەربەرزییە، لە کاتێک دا کە برا کوردەکانمان تۆپخانە و کاتیوشای چل‌چلەیی خوازراو، لە بەرامبەر یەک‌دا را دەگرن، ئێمە کوردی ئێران ناکۆکیان رادەماڵین‌و لە بری خۆپەرستی، خواپەرستو میللەت پەروەر خۆ بە خەڵکی جیهان دەناسێنین. دڵسۆزی بۆ بیرو باوەڕو گەلو شەهامەتو غیرەتی پاک لە پێناو قازانجی گەلی هەژاردا، ئێوەی بێ دەرزو نێوان، تێکەڵ کردەوە. بارک‌اللە لە هەمووتان.خۆزگە هەموو لایەنێک وەک ئێوە، بێ پەلە دڵسۆزو تێ گەیشتوو دوور لە خۆ بەزل زانینو گەل دۆست بوونایە، خۆزیا. بەڵام (فمن یهدی من أضلّ‌الله) (وماأکثرالناس‌و لو حرصت لمؤمنین) صدق‌الله العظیم.

.کە خۆم نەکرا بێمە پیرۆزباییتان هێندێ لە برادەرانمان بەخزمەت دەگەن بۆ پیرۆزبایی ڕووبەڕوو. هەر بژین بە شادیو سەربەرزی. سلاوو پیرۆزبایی دەکەم لە هەموو هاوڕێیانی کومیتەی مەرکەزیو شەخسییەتە قارەمانەکانی مەیدانی یەکیەتیو برایەتی.

*براتان جلال‌الدین حسینی*

١٣٧٥/١١/٢٩

***

مامۆستایانی بەڕێز عبداللە حسن‌زادەو حسن رستگار!

بەڕێزانی دەفتەری سیاسی، کومیتەی مەرکەزی، کادرو پێشمەرگەو ئەندامو لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

لەو وڵاتە چەپەکو لاپەڕەی جەمسەری جیهانو بەم زستانە سپاو سەختەی سوید کە لوورەوی لافاوی شوومی هەواڵی دڵتەزێنو ورەبەزێن، نە هێور دەبێتەوەو نە وشکاوی دێت، لەناکاو تروسکایی برووسکەیەک بڕواری نۆزدەی بەفرانبار لە کوردستانەوە، دڕ دەدا بە شەوەزەنگی بێدەنگیو دڵتەنگی، ڕێگە خۆش دەکا بۆ پشوو دانی سەڵتەی شەکەتو هەڵوەدای هیوا.

یەکگرتنەوەی ئێوەی هاوسەنگەرانی دێرینو لەمێژینەی خەباتی کوردایەتی ـ دوای هەشت ساڵ دووبەرەکیو دڕدۆنگی. هەم نازایی ئەخلاقی بێ‌دەوێستو هەم ژیریی سیاسی. شوکر را دەرکەوت کە ئەو دوو مەرجە مەوجوودە!

بەڕێزان و خۆشەویستان! یەکگرتنەوەکەتان هەر ئەوەندە نیە کە بەشێکی لەو لەبەرە پڕ کردبێتەوە کە شووڕەی خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کوردی شەق کرد بوو، یا برینێکی لەو برینە ساڕێژ کردبێتەوە کە جەستەی خەستەی میللەتی وەزاڵە و ناڵە خستبوو، بەڵکوو ئەو چاوەڕوانی و داواکاریەشی هێناوەتە گۆڕێ کە کەلێنی ئەم دیوارە بە یەکجاری کوێر و ئاسۆی ئەم زامە بە تەواوی بنبڕ بکرێت. لە ڕێبازی سیاسەت دا بازێکتان هاویشتە و دووتان ماوە. گۆڕەپانی کوردستان بانگتان دەکا بۆ دوو بازەکەی دیکە:

ئەلف: هەنگاونان و هاوکاری لە پێناوی دامەزراندنی جەبهەیەکی یەکگرتووی نیشتمانی و دیمۆکراتیک بۆ بەڕێوەبردن و بەسەرکەوتن گەیاندنی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دا کە هەموو هێز و ڕێکخراوی سیاسی و یەکە بە یەکەی هاونیشتمانانی ئازادیخواز و نیشتمانپەروەری کوردستانی ئێران بگرێتەوە بە بێ لەبەر چاو گرتنی جیاوازی لە جیهانبینی و ئیدئۆلۆژی دا، وەک نوێنەری تەواوی نەتەوە.

ب: دانان و دیاری کردنی بنەمایەکی پتەوی هاوکاری و پشتیوانیی هاوبەش لەنێوان هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتی یەکانی خەباتی کوردایەتی لە هەموو بەشەکانی کوردستانی داگیر کراو دا بە چەشنێک کە هەم خەبات و ژیان و سەلامەتیی تێکۆشەرانی هەموو پارچەکانی کوردستان کە ئێستا لەو بستە خاکە ڕزگار کراوە دا کۆ بوونەتەوە بپارێزێ و دابین بکا، هەم ئاسایش و سەروەریی سیاسیی کوردستانی ئازاد و دوا ڕۆژی کیانی کوردی و بەرژەوەند و گوزەرانی خەڵکەکەی ئەخاتە مەترسی یەوە.

ئێستا و بە تایبەت ئێستا ئەرکی نیشتمانیی ئێوەتان کەوتۆتە سەرشان و بە حوکمی ئەو گەرم و گوڕی و تین و تەوژمەی کە هەنگاوە پیرۆزەکەتان بە لەشی کەسیرەی خۆزیا و بریای بەخشیوە، دەتوانن و دەبێ ڕەوڕەوەی مێژووی سەردەم پاڵ پێوەنێن بەرەو هەواری سازگاری و دڵنیایی.

ئازیزان! لەو کاتە خۆشەدا کە لەگەڵ هەزاران کادر و فەرماندە و پێشمەرگەی حیزبی دیمۆکرات و میلیونەها جەماوەری کوردستان لە شایی و شانازی دا بەشدارم، لام وایە لزمەم ناکەن و پێم ڕەوا دەبینن کە بڵێم: ئەگەر بەهۆی منەوە برێنک لە تارمایی ـ خۆتان کوتەنی. ئەو «کۆسپە ڕەوانی»یە ڕەوییبێتەوە یا ڕچەیەکم شکاندبێ بۆ خاڵە ڕێبواری ئازداری ئاشتی و تەبایی، با مێژووش لێی بێدەنگ بێ، دڵخۆشی و سەربەرزی دەروونیی خۆمم بەسە بۆ پاداشتی ئەو تەلاشە!

سەلاحەددینی موهتەدی

١٩٩٧/١/١١

***

بەنێوی خودا

بەرێز دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

سڵاوێکی برایانە، پاک وەک ئەوینی دڵدار، بەتین وەک هەناسەی هەژاری بێ پەنا. بەرپەری زەعف و زیللەتەوە دەستی نیاز بۆ بارەگای خوای مووتەعال بەرز دەکەمەوەو دەڵێم، خوایە بە نەزەری ڕەحمەت و عینایەتی بێ نەهایەتی خۆت ئەو یەکگرتنەوە بەهێزی سەداقەت، دڵپاکیی برادەران لەگەڵ یەکتر بۆ ئەبەد بەردەوام بێت. هەرچەند کاری لەوە پیرۆزتر بۆ میللەتێکی بەشخوراو لە هیچ بوارێکی ژیاندا سۆراغ ناکرێ. بە ئۆبەی خۆم پڕ بەدڵ و لە کانگای دڵەوە پیرۆزبایی بە هەموو خەڵکی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان و بە نوێنەری کوردی ئێران، حیزبی دێموکرات لە دەفتەری سیاسییەوە تا پێشمەرگە و کادر و هەوادارەکانی دەڵێم.

بارەبیی پیرۆز بێت. بەهەق دوژمن تەزین بوو. هەر بۆیە بە زەعف و زیللەتێکی زیاترەوە ڕوو دەکەمە بارەگای هەق تەعالا و دەپاڕێمەوە و دەڵێم، خوایە بە ڕەحم و کەرەمی خۆت ئەسباب و وەسایلی سەرکەوتن بۆ شۆڕشی گەلی کورد لە هەموو وڵاتەکان لە باری ماددی و مەعنەوییەوە ئامادە بکات. تا ئەو حەرەکە لە گەڵ هەموو حەرکەکانی دیکە بگاتە ئەوپەڕی تەکامول، یانی دوژمن شکێنیش بێت. بەڵام بەقەولی کوردە پێویستە ئێوەش ئۆخژیەک بکەن. لەئێوە سەداقەت و ئەمانەت و حەرەکەت، لە خواش بەرەکەت.

برای دڵسۆزتان عەبباسی

۱۹۹۷/۱/۱۵

***

جەنابی حسن‌زادە!

ئەم سەرکەوتنە لە جەنابت و حیزبی دێموکرات و گەلی کورد پیرۆز بێت.

بدین شایستگی روزی بدین بایستگی جشنی

ملک را در جهان هر روز جشنی باد و نوروزی

بە حورمەتەوە

محمد نظامی

۱۳۷۵/۱.//۲۱

***

هاوڕێیانی تێکۆشەری دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

دەگەڵ ڕێز و سڵاو، هەنگاوی کەم وێنەو بگرە بێ‌وێنەی یەکگرتنەوەی هاوالانی سالانی دوور و درێژی تەمەنی شۆڕشگێڕیی حیزبی خۆشەویستی گەلی کورد، دڵی دۆستان و دڵسۆزانی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کوردی شاد کرد و تانەی خستە سەرچاوی دوژمنانی «بالفعل» و «بالقوە»ی گەلەکەمان. لە لێهاتوویی و ئەتەوە

پەروەری و شۆڕشگێڕی هاوڕێیانی هەر دوو لا لەمێژ بوو هەر ئەوە پەدی دەکرا.
پڕبەدڵ و لە قووڵایی دڵمەوە ئەو سەرکەوتنە مەزنە لە هەموو لایەک پیرۆزبایی دەکەم و هیوادارم دیوەزمەی ناتەبایی بۆ ئەبەد گۆڕ بکری و هاودەنگی و دادپەروەریی رەفیقانە ببێتە هەوێنی تێکۆشانی رێکخراوەکانی حیزبەکەمان. ئارەزوو دەکەم ئەو کردەوە جوانەتان وەک هەمیشە ببێتە دەرسێکی نوێ بۆ لایەنە کوردەکانی دیکە و بۆیان دەرکەوێ فارس گوتەنی: «کس نخارد پشت من جز ناخن انگشت من».

براتان قادر عبدی

۱۳۷۵/۱۰/۲۲

***

مامۆستا گیان! بەڕێز حەسەنی رەستگار!

پاش ۹ ساڵ چاوەڕوانی بە شانازی چاوم بە ئاگاداریەکەتان سەبارەت بە یەکگرتنەوەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و بەشی رێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ کەوت.

پیرۆزبایتان لێ دەکەم.

یەک بوونی ئەو دوو حیزبە سەرکەوتنێکی بەنرخ و دەسکەوتێکی مێژوویی بۆ هەموو پێشمەرگە و ئەندام و نوێنەرانی هەر دوو لایەن و گەلی کورد لە هەموو کوردستان و بە تایبەت کوردستانی بن‌دەستی ئێرانە.

هەرچەند لە کاتی شەهید بوونی کاک رحمان( کە بەحەق یەکێک لە بەرزترین کەسایەتی‌یە سیاسی‌یەکانی ئەم سەردەمە بوو) هەڵوێستی رێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ بەرانبەر بەو رووداوە دڵتەزێنە زۆر تووڕەی کردم. بەڵام وەک ئەندامێکی سیاسی دوور لە رق و تووڕەیی کەسایەتیی یەکگرتنەوەی ئەو دوو حیزبە بە سەرکەوتنێکی گەورەی سیاسی دەزانم.

هەروەها کە ئاگادارن لە چەند ساڵی رابردوودا بە شاهیدی برادەران وەک مامۆستا، کاک شاهۆ، کاک جلیل و لەگەڵ کاک نەبی من بۆ خۆم هەوڵێکی زۆرم بۆ یەکخستنەوەی ئەو دوو حیزبە داوە. هەر بۆیە سەرکەوتنتان بە سەرکەوتنێکی سیاسیش بۆ خۆم دەزانم.

بەو هیوایە کە هێزە سیاسی‌یەکانی کوردستانی بندەستی عێراقیش بە تایبەت جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانیش لە ئەزموونی ئێوە فێر بن و لەوە زیاتر خوێنی پێشمەرگە و خەڵکی بێ‌تاوانی کورد بەفیڕۆ نەدەن.

بەداخی گرانەوە لە ئاگاداری‌یەکەدا مامۆستا مەلا عەولا سکرتێری گشتیی حیزب دو شیعری فارسی لە دوو شاعیری فارس هێناوە، پێم وایە خەڵکی کورد بۆ خۆی زۆر شاعیری گەورەی وەک هێمن، هەژار، گۆران و ... هەیە کە زۆر شیعری جوانتر و باشتریان سەبارەت بە ئەزموونی گەلی کورد نەک (ملیت کرد) هەیە.

لە هەڵسەنگاندنی نزیک بە ٥٠ ساڵ ئەدەبیاتی فارسی و بە تایبەت ئەدەبیاتی سیاسیی فارسیدا بە داخەوە تەنیا بۆ یەک جاریش نەمدیوە کە لە شاعیر یا سیاسەتزانێکی کورد تەنیا یەک وشەش بۆ نموونە لە ناو نووسراوەکانیاندا بنووسن.

وا دیارە چەوسانەوەی نەتەوایەتی و زەخت و زۆری فەرهەنگ و ئەدەبیاتی فارسی هەتا هەتایە هەر مێشکمان پووچەڵ و چاومان کوێر دەکات.

جارێکی دیکەش من بە ناوی زۆر برادەری دڵسۆزی کورد، ئەندام و دۆستی حیزب پیرۆزبایی یەکگرتنتان دەکەم و هیوادارم کە بتوانم لە داهاتووشدا لە ڕیزەکانتاندا بۆ سەرکەوتنی یەکجاری گەلی کورد و وەدیهێنانی مافی چارەنووسی گەلەکەمان هەوڵ بدەم.

ئاواتەخوازی سەرکەوتنتانم

هەر بژین

دوکتور حەسەنی شەتەوی

***

بەڕێزان! بەڕێوەبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی بندەستی ئێران!

لەبەر ئەو بار و دۆخەی کە کوردی چەوساوەی تێدا گلێڵەیە و لەبەر هەڕەشە و لەناو چوونێک کە لەم سەردەمەدا داوێنگری کوردی بندەستە، ئەو یەکگرتنەوەیەتان بە هەنگاوێکی سەرکەوتووانە دەزانم، هیوادارم حیزب و سازمانەکانی دیکەش ئەو ئەزموونە لە ئێوە بقۆزنەوە و بەخۆیاندا بێننەوە.

بەو بۆنەوە پڕ بەدڵ پیرۆزبایی لە ئێوە و لە گەلی کورد دەکەم.

بەهیوای سەرکەوتن

ناسری ڕەزازی

١٩٩٦/١/١٠

***

# پەیامەکوردستانی یەکان :

ژ حزبا دیموکراتا کوردستانا ئیرانێ را

هەڤالێن دەلال

مە بهیست کو حزبا دیموکراتا کوردستانا ئیران و هن هەڤالێن کو ژ پارتیا وە جودا ببون و ب ناڤێ حزبا دیموکراتا کوردستان رێبەرایتیا شۆرشگێر کار دکرن، ڤەل هەڤ کریە و جارەدن یک بونە.

ئەم ب ڤێ یەکەتیێ گەلەک دلشادبون و بۆ ناڤێ یەکێ حزبا دیموکراتا کوردستان ئیرانێ و هەمی مەسول و هەڤالێن کو بۆ ڤێ یەکەیتیێ رۆلەکە باش لیت، سەرکەتنێ ژوان پیرۆز دکن.

ب سلاڤ و دخوازین براتیێ

کەمال بورکای سکرتێری

گشتیی پارتیا سۆسیالیستا کوردستان

***

برای بەرێز مامۆستا عبداللە حسن‌زادە، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

پاش سلاو

... بەبۆنەی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پیرۆزبایی‌تان لێ‌دەکەم. ئەو هەنگاوە هەنگاوێکی گەلێک باش بوو.

عبداللە ئۆجەلان

سەرۆکی گشتی پارتی کرێکارانی کوردستان

١٩٩٧/٣/٩

***

برایانی بەرێزی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

بەو پەڕی خۆشحالیەوە هەواڵی راگەیەندرانی یەکبوونەوەی ریزەکانی دوو حیزبی برا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران رێبەرایەتیی شۆرشگێرمان پێ گەیشت. بەو بۆنە گەورەیەوە سلاو و پیرۆزبایی گەرمی خۆمان پێشکەش بە ئێوە و تێکۆشەران و لایەنگرانی حیزبەکەتان دەکەین. ئەو هەنگاوە پیرۆزەتان بێگومان کۆمەڵانی گەلی کوردمان لە کوردستانی ئێران لە ئامانجەکانی دێموکراسی و مافی رەوای نەتەوایەتی، نزیک دەکاتەوە. هەر وەکوو ئەو هەنگاوەتان باشترین وەفاداریە بە رێبازی شەهیدە سەربەرزەکانتان قاضی و دوکتور قاسملو و شرفکندی و باقی شەهیدانی رێگای ئازادی کورد و کوردستان.

لە کۆتاییدا جارێکی دیکە پیرۆزبایی‌تان لێ دەکەین و داوای پێشکەوتن و سەرکەوتن و بەردەوامی خەباتەکەتان بۆ دەکەین.

مەکتەبی سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردی لە سووریە (پارتی)

***

برایانی بەڕێزی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران!

لەگەڵ ڕێز و سڵاو، بەوپەڕی خۆشییەوە هەواڵی ڕاگەیەندرانی یەکگرتنەوەی ریزەکانی دوو حیزبی برا، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕمان پێ گەیشت.

گەرمترین پیرۆزبایی قەلبیی خۆمان پێشکەش بە ئێوە و ئەندامان و لایەنگرانی حیزبەکەتان و کۆمەڵانی نیشتمانپەروەری کوردستان بۆ هەنگاوی یەکگرتنەوە پیرۆزەکەتان کە بڕوای کۆمەڵانی خەڵکی بە ئێوە بەهێزتر کرد.

ئێمە دڵنیاین کە ئێوە بە کارزانی و لێهاتوویی و هەڵسەنگاندنی وردی بار و دۆخی ناسکی ئێستای گەلەکەمان، ئەو دەسکەوتە گەورەیە دەپارێزن کە دەبێتە وەسیلەیەکی کاریگەر بۆ بەرەو پێش چوونی خەبات و دابین کردنی مافی نەتەوایەتی و دیموکراسی بۆ گەلە خەباتگێڕەکەتان. هەروەکوو ئەو هەنگاوە باشترین ڕێز دانان و وەفادارییە بە ڕێبازی شەهیدانی حیزبەکەتان و سەرجەم شەهیدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستانی ئێران. جارێکی دیکە پیرۆزبایی‌تان لێ دەکەین و دەستتان دەگوشین و داوای پێشکەوتنی خەباتی ئێوە و سەرکەوتنی گەلەکەتان دەکەین.

یەکگرتووی دیموکراتی کوردی لە سووریە- کۆمیتەی بەرز

١٩٩٧/١/٢٥

***

هاوڕێی بەڕێز عبداللە حەسەن‌زادە سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران!

سڵاوێکی برایانە و دڵسۆزانە،

بە خۆشی و شانازییەوە خەبەرمان پێ گەیشت کە حیزبەکەتان لەسەر بناخەیەکی دروست، یەکیەتیی ریزەکانی وەدەست هێناوەتەوە، کارێک کە لە پاشەڕۆژێکی نێزیکدا خەباتە ڕەواکەتان بە هێزتر دەکا. ئەم هەنگاوە پیرۆزە هەر لەو کاتەدا کە سەرکەوتنێکی گەورەی گەلەکەمان لە کوردستانی ئێران دایە، دیاردەیەکی موسبەت و نموونەیەکی باشە کە بۆیە دەبێ لە ڕادەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانیی کوردستاندا بۆ وەدەست هێنانەوەی یەکیەتیی ریزەکان و پتەوکردنی هەڵوێستی سیاسی و ڕێکخراوەیی چاوی لێ بکرێ. ئەمەش دەتوانێ سەرەتایەک بێ بۆ وەدیهێنانی جۆرێک هاوکاریی بەجێ و گونجاو لە ڕێگەی یەکیەتیی هێزەکان لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا.

ئێمە بە ئەرکی خۆمانی دەزانین پشتیوانی لەو هەنگاوە بکەین و ڕێز و

تەقدیرمان پێشکەشی هەموو ئەندامانی حیزبەکەتان بکەین و بەتایبەتی ئەخشی تایبەتیی خۆت لە دڵسۆزی بۆ وەدیهێنانی ئەم یەکیەتی یەو هاوکاریی هەموو ئەندامانی رێبەرایەتیی حیزبەکەتان و لەوانە هاوڕێ جەلیل گادانی و براکانی جێگای رێزە. ئێمە وەدی هاتنی ئەم هەنگاوە، بە سەرکەوتنێک بۆ هەوڵ و تەقەلای پێشووی خۆشمان لە پێناوی لێک نیزیک خستنەوەی بۆچوونەکانتان دەزانین. هەربۆیە پیرۆزبایی لە خۆمان و لە ئێوە دەکەین و سەرکەوتنی زیاتر بۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانیی گەلەکەمان بە ئاوات دەخوازین. دڵنیاشین ئەم دەسکەوتە پێوەندیی نێوان حیزبەکانمان بەرەوپێش دەبا.

جارێکی دیکە پیرۆزبایی دڵسۆزانەو سڵاوی گەرممان قبووڵ بکەن.

ـ سکرتێری گشتیی حیزبی یەکیەتیی گەلی کورد لە سووریە

صلاح بدرالدین ١٩٩٧/٢/٢٥

***

هاوڕێیانی خەباتگێڕ لە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

سڵاوێکی برایانە:

بەخۆشی یەوە هەواڵی یەکگرتنەوەی حیزبەکەتان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستان «رێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ»مان پێ گەیشت.

بەم بۆنەوە رێز و سڵاو و پیرۆزبایی سکرتێری گشتیی حیزبی چەپی کوردی لە سووریە هاوڕێ «عزالدین مراد»و کۆمیتەی ناوەندی و ئەندامانی حیزبەکەمان قبووڵ بکەن.

هاوڕێیان!

ئەو هەنگاوە گەورەیەتان سەرکەوتنێکی گەورەی نەتەوەیی یەو جێگای رێزی حیزبەکەمانە. چونکە یەکگرتنەوەی ریزەکان جگە لەوەی سەرکەوتنێکی رێک و پێکە، هەنگاوێکی سروشتیی ئوسوولی یە لە دژی جیابوونەوە زیانهێنەرەکان و هەروەها تەنیا رێگا چارەیەکە لە بەرامبەر سیاسەتەکانی رژیمی دیکتاتۆری کۆنەپەرست لە ئێران و شەڕی زاڵمانەی بەرامبەر بە رۆڵەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران دا.

لە ماوەی ئەو سەدەدا حیزبەکەتان سوور بووە لەسەر خەبات و تێکۆشان و رابردوویەکی خاوێنی لە بەرەوپێش بردنی خەبات و قوربانی دان لە پێناوی وەدی هێنانی ژیانێکی بەختەوەرانە بۆ رۆڵەکانی گەلەکەمان دا هەیەو شیاوی ئەوەیە پێی بگوترێ حیزبی شەهیدان، چون لە ماوەی بەرەورووبوونەوەی لەگەڵ دوژمن دا باشترین رۆڵەکانی کردۆتە قوربانیی داوا رەواکەی. جارێکی دیکە لە دڵەوە پیرۆزبایی لە ئێوەو لە رێگای ئێوەشەوە لە هەموو ئەندامان و دۆستان و لایەنگرانی حیزبەکەتان و گەلەکەمان بەگشتی دەکەین. بەردەوام بوونتان لەبەرەو پێش چوونتان دا ئارەزوومانە.

دەفتەری سیاسیی حیزبی چەپی کوردی لە سووریە

١٩٩٧/١/٢٧

***

بۆ دەفتەری سیاسیی هەر دوو بارەگای حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی بەڕێز!
سلاوێکی شۆڕشگێڕانە:

بە بۆنەی یەکگرتنەوەی هەردوو (باڵی)حیزبەکەتان، ئێمەی کۆمەڵەی کەلتووری کورد لە ئۆنتاریو - کانادا زۆر خۆشحاڵیی خۆمان دەردەبڕین بەم بۆنەیەوەو هەروەها لەم بڕوایەداین کە گەلی کوردمان لە کوردستانی داگیرکراودا هەمان خۆشحالی خۆیان دەردەبڕن. بەم کردەوە پیرۆزە.

هیواداریین کە ببێت بە نموونەیەک بۆ هەموو حیزبە سیاسییەکانی تر لە کوردستاندا، کە هەر گیروگرفتەکانی خۆیان لە ڕێگای وتووێژ بە شێوەیەکی دیموکراتیانە چارەسەر بکەن، نەک لە ناوبردنی ڕۆڵەکانی گەلی کوردمان وبەم یەکگرتنەوەتان سەرکەوتوو ئەبن بەسەر دوژمنانی گەلەکەمان.

شۆڕشگێڕی و خەبات کردن بۆ مافی چارەنووسی گەلەکەمان
مردن و ڕوو ڕەشی بۆ خۆ فرۆش و دوژمنانی گەلی کورد و کوردستان
کۆمەڵەی کەلتووری کورد لە ئۆنتاریو - کانادا
١٩٩٧/١/١١

***

پیرۆزبێ یەکپارچەیی ڕیزەکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران!
بۆ تێکۆشەرانی دیموکرات!

مژدەی یەکپارچەیی ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە لە بەیاننامەی هاوبەشی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ لە ١٩٩٧/١/٨دا ڕاگەیەنرا، جێگای دڵخۆشیی شیوعییەکانی کوردستان و دۆست و لایەنگرەکانیانەو نموونەیەکە بۆ پتەوبوونی پەیوەندی و هاوکاری لە نێوان لایەنەکانی بزووتنەوەی گەلەکەمان .

هیواداریین ئەم هەنگاوە پیرۆزە ئاسۆی سەرکەوتنی تێکۆشانی گەلەکەمان لە کوردستانی ئێراندا نزیکتر بکاتەوە لە پێناو دیموکراسی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بۆ سەرجەم گەلانی ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان.

مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعیی کوردستان- عێراق
١٩٩٧/١/١٠

***

بۆ دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی بەڕێز!
سلاوێکی دۆستانەی گەرم،

بە بۆنەی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بەناوی حیزبی دیموکراتی بیت نەهرین و گەلی ئاشوورییەوە پڕ بە دڵ پیرۆزبایی لە هاوڕێیانی دەفتەری سیاسی و ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حزبەکەتان دەکەین.. هیواداریین لەم هەنگاوە پیرۆزەدا هەر سەرکەوتوو سەرفراز بن بۆ خزمەتی گەلی کورد بەتایبەتیش لە

کوردستانی ڕۆژهەڵات‌دا کە لەبەر ئەو دووبەرەکی‌یەی ئەم نۆ ساڵەی دوایی‌دا کەمێک کز ببوو.

لە ڕاستی‌دا ئەم هەنگاوە مەزنە بە هەنگاوێکی پیرۆزو گرنگ دادەنرێت، لەم قۆناغە ناسکەی ئێستادا کە بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستان زێتر لە هەموو کاتێک بۆتە ئامانجی هێرشی دوژمنە دڵڕەق‌و کینە لە دڵەکانەوە بۆ لە نێو بردنی ئەو دەسکەوتانەی کەلە کوردستانی باشووردا بە خوێنی هەزارەها شەهید بە دەست هاتوە.

ئۆمێدەوارین بە زووترین کات بەرو بوومی ئەم هەنگاوە بێتە دی‌و بە کردەوە لەسەر ئەرزی واقیع‌دا جێ‌بەجێ بکرێت‌و کاریگەریی لەسەر ڕژێمی کۆماری ئیسلامی‌دا ڕەنگ بداتەوە.

هەرشاد و سەرفرازین.

مەکتەبی سیاسیی حزبی دیموکراتی بێت‌نەهرێن

١٩٩٧/٢/٢

***

بۆ بەڕێز دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان- ئێران!

سلاوێک شۆڕشگێرانە!

هەواڵی یەکگرتنەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران‌و ڕێکخستنەوەی ڕیزەکانی، گرنگیەکی یەکجار زۆری دەبێ لەسەر ڕۆڵی خەباتی ئایندەی گەلی کوردستان لە ڕۆژهەڵات. هەروەها ئەو یەکگرتنەوەیە مزگێنی‌یەکی بە ناوەڕۆک بوو بۆ گەلەکەمان‌و گوڕ و تینێکی تری وەبەر دەداتەوە بۆ پاڵپشتی کردن‌و لە باوەش گرتنی ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی لە خەباتی بێ پسانەوەیان‌دا لە پێناوی مافە ڕەواکانی گەلەکەمان.

هەڵبەت ئەم یەکگرتنەوەیە لەم سات‌و کاتە ناسکەدا ئازایی‌یەکی مەزن دەگەیەنێ‌و نیشانەی بوونی گیانێکی بەرزو لە خۆبوردووانەیە لە لایەن ئەندام‌و کادیرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە.

ئێمە لە بیرۆی سیاسیی پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان بە ناوی سەرجەم ئەندام‌و لایەنگرانی پارتەکەمان گەرمترین پیرۆزبایی ئەم یەکگرتنەوەتان لێ‌دەکەین‌و بە گەرمی دەستتان دەگوشین بۆ ئەو هەنگاوە گرنگە.

لەگەڵ ڕێزمان‌دا

بیرۆی سیاسیی پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان . ١٩٩٧/١/١

***

بەڕێزان! بەرپرسانی حیزبی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستانی ئێران!

بە خۆشحالی‌یەوە بەیاننامەی هاوبەشمان خوێندەوە کە مژدەی یەکگرتنەوەی هەردوو لاتانی تێدا ڕاگەیەندراوە.

پیرۆزبایی گەرمتان ئاراستە دەکەین. هیوادارین ئەم یەکگرتنەوەیە دۆخێکی لەبارتر بڕەخسێنێ بۆ گەشە پێدانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کورد و چارەسەری دیموکراسی‌یانەی کوردستان لەسەر بناغەی مافی ڕەوای نەتەوەیی‌و مافی

دیموکراسی‌یانە بۆ هەموو گەلانی ئێران.

بە هیوای پتەو کردنی ریزەکانی حیزبی تێکۆشەرتان.

کۆمیتەی بالای بزووتنەوەی دیموکراسیخوازان . ١٩٩٧/١/١

***

بەرێز دەفتەری سیاسیی-حیزبی دیموکراتی کوردستان- ئێران!

سلاوی رزگاری و سەربەخۆ بوون!

هاورێیانی تێکۆشەر!

یەکگرتنەوەی هەردوو بالی تێکۆشەری حیزبی دیموکرات گورو تینێکی بەهێز دەداتە بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلەکەمان و ئەرکێکی نەتەوایەتی و مێژوویی‌یە. دیارە لای هەموان ئاشکرایە کە حیزبی دیموکرات خاوەنی زیاتر لە نیوسەدە خەبات و مێژوویەکی پاک و پر سەروەری‌یە. ئەم هەنگاوە مێژووی‌یە یەکێکە لەو سەروەریانەی بۆ خۆی تۆمار کردوە.

بەرێزان!

بەم بۆنە پیرۆزەوە ئێمە وەک حیزبی رزگاریی کوردستان بە ناوی مەکتەبی سیاسی و سەرجەم ئەندام و دۆست و لایەنگرانمانەوە جوانترین و گەرمترین پیرۆزبایی‌تان ئاراستە دەکەین و دووپاتی دەکەینەوە کە هەردەم هاوکارو پشتیوانی حیزبی دیموکرات دەبین لە خەبات و تێکۆشاندا.

دووبارە پیرۆزبایی و خۆشحالیی خۆمان رادەگەیەنین و هیوای سەرکەوتن بۆ ئێوەی تێکۆشەر و حیزبی دیموکراتی برا دەخوازین.

سەرکەوتوو بێت خەباتی رەوای گەلەکەمان

مەکتەبی سیاسیی حیزبی رزگاریی کوردستان

سلێمانی ١٩٩٧/١/١٥

***

بۆ دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی بەرێز!

پیرۆزبایی

سلاوی سەرخۆ بوون و ئازادی ...

بە خۆشحالی‌یەوە هەوالی یەکگرتنەوەی ریزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانمان پێ‌گەیشت. بە ناوی خۆمان و تەواوی کادرو دۆست و لایەنگرانی (YNDK)ەوە، ئەم هەنگاوەتان پیرۆز دەکەین و هیواداریین ئەم هەنگاوەتان زیاتر هانتان بدات بۆ خەبات و تێکۆشانی زیاتر تا رزگاریی یەکجاریی نەتەوەکەمان لە رۆژهەلاتدا .

لەگەل هیوای سەرکەوتندا، بۆ پێشەوە.

مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان

(YNDK) ١٩٩٧/١/١٢

***

بەناوی خوای گەورە و میهرەبانەوە

سەربەخۆیی - ئازادی - ئاشتی - یەکسانی

بۆ بەڕێزان دەفتەری سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان ئێران!

سڵاوی سەربەخۆیی و ئازادی و ئاشتی و یەکسانیتان ئاراستە دەکەین بە ئومێدی سەرفرازی هەموو نەتەوەی کورد.

بە بۆنەی یەکبوونەوە و یەکگرتنەوەی هەردوو باڵی دیموکراتەوە بە ناوی گشت دۆستان و لایەنگران و ئەندامانی پارتی سەربەخۆیی کوردستانەوە لە هەرە بڵندگۆی دەنگمانەوە گەورەترین پیرۆزباییتان ئاراستەی سەرجەم ئێوە و نەتەوەکەمان دەکەین لە بۆ ئاکامی ئەو یەکبوونەوەیەتان و هەست کردن بەو پەڕی بەرپرسایەتییانە لە ئاست بەرژەوەندی باڵای نەتەوەکەماندا، چونکە هەموو یەکگرتنەوەیەکی باڵەکانی نەتەوەی کورد خزمەتە بۆ ئارمانجە ئیستراتیژیەکانی دۆزەکەمان و شەکانەوەی ئاڵای کوردستانی مەزنە، لە هەمان کاتدا چزک دادانە بە دوژمنان و داگیرکەرانی نەتەوەکەمان بەتایبەتی بە ڕژێمی ئێرانی کە ئەمڕۆکە بۆتە یەکەمین لەمپەر و دوژمنی سەرەکیی نەتەوەکەمان لە تەواوی ناوچەکەدا.

هەر بژین بۆ کورد

سەرکردایەتیی پارتی سەربەخۆیی کوردستان

١٩٩٧/١/١٧

***

دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان - ئێرانی بەڕێز

سڵاوێکی شۆڕشگێرانەی گەرم:

ئەو پەڕی خۆشحاڵ بووین بە بیستنی یەکگرتنەوەی حیزبتان و بەو بۆنەیەوە گەرمترین پیرۆزبایی لە گەلەکەمان لە ڕۆژهەلاتی کوردستان و سەرجەم برائی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان و ئێوەی خەباتگێر دەکەین و ئومێدەوارین ئەم هەنگاوەتان مایەی گۆڕانێکی چۆنایەتی بێت لە خەباتی ئەپساوەتان و سەرەتایەکی نوێ بێت بۆ بەتین کردنی خەبات لەو پارچەیەی کوردستان، جارێکی تر پیرۆزباییتان لێ دەکەین و هیوای سەرکەوتنی مەزنترتان بۆ دەخوازین.

لەگەڵ ڕێزماندا

کارگێڕی سیاسیی بزووتنەوەی جووتیارانی کوردستان

١٩٩٧/١/١٤

***

بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان

پیرۆزبایی

بە بۆنەی یەکبوونی هەردوو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێر کەلە بەیاننامەی ڕۆژی ١٩٩٧/١/٨ ڕاگەیاندرابوو، گەرمترین پیرۆزبایی لەم کارە خەباتگێرییەتان ئەکەین. هیوادارین ئەم یەکگرتنە ئەنجامێکی باشی هەبێت

بۆ بەرەو پێشەوە بردنی خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران. هەروەها بتوانن گشت کۆسپ و تەگەرەکانی ناو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران چارەسەر بکات.

بۆ ئەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هەمیشە دەوری لێهاتووی خۆی بینێ هەروەک بینیویەتی لەمەوبەر.

ئێمە لە بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان زۆر خۆشحاڵین کە حیزبێکی وەک حیزبی دیموکراتی ئێران دەست بە ئێمە، کارەکانی بە باشی بڕوات بەڕێوە.

ئێتر پیرۆزبێت یەکپارچەیی ریزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.

یەکگرتووبێت خەباتی گەلانی ئێران بۆ وەدی هێنانی مافی رەوایان.

سەرکردایەتیی بزووتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان

١٩٩٧/١/١٢

***

بۆ هاوڕێیانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران!

پیرۆزبایی

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە!

بە خۆشحاڵییەکی زۆرەوە بەیاننامەی هاوبەشی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران-رێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ کە لە ١٩٩٧/١/٨ دەرچووە، پێ گەیشت کە تیایدا مژدەی یەکگرتنەوەی هەردوو لای لە چوارچێوەی حیزبێکی یەکگرتوودا راگەیاندوە.

ئێمە وێڕای پیرۆزبایی گەرممان لەم پرۆسەیە، پشتیوانیی تەواوی خۆمانتان بۆ دەردەبڕین و سەرکەوتن و ئاسۆیەکی باشتر بۆ حیزبە تێکۆشەرەکەتان و خەباتی گەلی کوردمان لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەخوازین.

هاوڕێیانی هێژا!

لەخۆ بوردوویی و دڵسۆزیی ئێوە بۆ یەک ریزبوونەوەی حیزبی دیموکرات هەر ئەوەی لێ چاوەڕوان دەکرا، بەراشکاویش دەڵێین تووڕهەڵدان لە کەرت بوون و لێکترازانی نێوان تێکۆشەرانی حیزبی دیموکرات، جۆشدانێکی تازەتر دەبێ بۆ خەباتی شۆڕشگێڕانەی فیکری و سیاسی و پێشمەرگایەتیی تەواوی بزاڤی رزگاریخوازی نیشتمانیی کوردستان لە پێناو سەربەخۆیی کوردستان و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا.

دووبارە پیرۆزبایی لە یەکگرتنەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئێران و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران-رێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ.

پتەوترو تۆکمەتر بێت ریزەکانی بزاڤی رزگاریخوازی نیشتمانیی کوردستان.

کۆمیتەی رابەرایەتیی رێکخراوی رەنجدەرانی کوردستان

١٩٩٧/١/١١

***

بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان ـ ئێران تێکۆشەرو بەڕێز!
سڵاوی ئاشتی و تێکۆشان،

هەواڵی یەکگرتنەوەی هەردوو باڵی حیزب، حیزبی دیموکراتی کوردستان‌ئێران‌و حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕمان بیست، بە بیستن‌و تەئکید بوونمان لەسەر ئەو هەنگاوە هەرە پیرۆزە دڵ‌و دەروون‌و هەستی شۆڕشگێڕیمان یەکجار گەشایەوەو شاد بووین. سەرەڕای پیرۆزبایی‌یەکی گەرم. هیواخوازین ئەو یەکگرتنەوەیە ببێتە هاندەرێکی فرە بەهێزو گەرم‌و گوڕی زیاتر بە درێژەدان بە خەبات‌و تێکۆشانتان ببەخشێت‌و باپیرانمان فەرموویانە هێزی زیاتر لە یەکبوون‌و یەکگرتن دایە.

ساڵانێک پێش ئێستا ڕەنگە نەک هەر ئێمە لە کوردستانی باشوورو برایانمان لە ڕۆژهەڵاتیش بگرە لە هەر پارچەیەکی تری کوردستان‌و کون بەرەیەکی ئەم گێتی‌یەکە کوردی تیابێ لە ناخەوە ئەو دوو بەرەکی‌و جیابوونەوەیان لا ناخۆش بووە، هەرچەندە لای خۆشمان ئەوە بۆ ماوەی سێ ساڵە لە ناو گێژاوی شەڕی ناوەخۆدایین ئێستاشی لەگەڵ دابێت لەباری نە ئاشتی‌و نە شەڕ دایە. هیواخوازین کە ئەو کێشەیەش بەم زووانە کۆتایی بێت‌و کوردستان هەمووی لەو کەتوارەی کە دوژمنانی گەلەکەمان‌و داگیرکەران دەستی باڵایان هەیە تێی‌دا ڕزگاری ببێت‌و زیاتر هەوڵ‌و کۆشش بۆ ئامانجە ڕەسەنەکان بدرێت.

ئێمە بە ناوی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان‌و تەواوی ئەندام‌و لایەنگرانی یەکێتی‌یەکەمان‌و جەماوەری شۆڕشگێڕی لاوانی کوردستان دەستمان دەخەینە نێو دەستەکانتان‌و بە گەرمی‌یەوە پیرۆزبایی لە ئێوەی تێکۆشەر دەکەین بە بۆنەی ئەو بڕیارە مێژوویی‌یەو گرنگەی کە داوتانەو سەرکەوتن‌و سەرفرازیتان بۆ دەخوازین.

ئیتر بۆ پێشەوە.

یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان- مەکتەبی سکرتاریەت
١٩٩٧/١/١٤

***

بۆ هەڤاڵانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران!
برووسکەی پیرۆزبایی
سڵاوی زانست و هوشیاری!

بەڕێزان بە بۆنەی ڕاگەیاندنی یەکگرتنەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران‌و ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ، گەرمترین پیرۆزبایی لە ئێوەو سەرجەم خەڵکی ڕزگاریخوازی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکەین. هیوادارین ئەم بۆنەیە ببێتە هاندەرێکی بزوێنەر بۆ پێشخستنی ڕەوتی خەبات‌و شۆڕشی گەلی کوردستان‌و کۆکردنەوەی هەموو هێزە شۆڕشگێڕەکان‌و یەکخستنی تواناییان بۆ سەرخستنی کێشەی ڕەوای گەلی کوردستان.

بەڕێزان!

جاردانی یەکگرتنەوەتان لە کاتێک دایە کە برینەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستیی بە هەتوانی یەکخستن و پتەو کردنی ڕیزەکانی هەیە.

هەرسەرکەوتوو بن.

سەرکەوێ خەباتی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان.

مەکتەبی سکرتاریەتی یەکیەتیی خوێندکارو لاوانی زەحمەتکێشانی کوردستان ١٩٩٧/١/١٢

***

بۆ کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی - ئێران - تێکۆشەر!

بۆ هەواڵانی سەرکردایەتیی شۆڕشگێری بەڕێز!

هەواڵانی بەڕێز کاک مامۆستا عبداللە حسنزادەو کاک مەلا حسن ڕستگار!

پاش سڵاوێکی خەبات و تێکۆشان،

پڕ بە دڵ پیرۆزبایی لە هەموو ئەندام و دۆست و جەماوەری حیزبی دیموکرات ئەکەم بە بۆنەی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی کە زۆر بە خۆشییەوە دەنگ و باسەکەیان وەرگرت و ئێستەش هەر لە کۆنەوە ڕەشبیمان وابوو کە ئەبێت یەکگرتنەوە بیێت بە زوویی و بە پێی توانا کاریشمان بۆ کردوە. هەروەها ناوەرۆکی هەموو بەیاننامەکانی بەم بۆنەیەوە دەرچوون جێی دڵخۆشییەو دەری ئەخات کە هەست کردن بە لێپرسراوەتی لاتان بەرز بۆتەوە و بەرژەوەندی میللەتی کوردتان خستۆتە سەر بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی، کە ئەمەش جێی شانازییەو ئەبێت کورد هەروا بیر بکاتەوە و ڕەفتار بکات. ئەگەر نا لە جێگای کوردایەتی و تەبایی و برایەتی ئەو وەزعە دروست ئەبێت کە لە کوردستانی عێراقدا هەیە. زۆر بە داخەوە. ئێوە لێی ئاگادارن و زەرەری زۆرتان لێ کردوە. بێگومان هیچ هەنگاوێک نیە لە سەرەتاوە هەمووی تەواو بێت. من ئومێدوارم هەموو کەلێن و کەم و کوڕی لە یەکەم کۆنگرەدا کە دێت جێبەجێ بکرێن زۆر بە باشی. بەڵام دڵنیاین کە چاکترین هەنگاوتان ناوە بە تایبەتی لەم زرووفەدا کە ئێوە لە هەموو لایەکەوە لە ژێرفشاردان و هەرەشەی لەناو بردنتان هەمیشە لێ ئەکرێت، لە لایەن ڕژێمی ئێران و ئەوانەی لە قەڵەکیدا ئەسووڕێنەوە. دڵنیاین هەرگیز کەس لەم هەنگاوانەی بەرەو یەکگرتن پەشیمان نەبۆتەوە. بەڵام هەمیشە لە دووبەرەکی پەشیمان بوون و زەرەریان کردوە. ئەمە جگە لەوەی میللەت هەموو یەکگرتنی دەوێ.

جارێکی تر پیرۆزبایتان لێ ئەکەم و بەدڵ هەموو ئومێدێکی سەرکەوتنتان بۆ ئەکەم.

براتان د. محمود عثمان

لەندەن ١٩٩٧/٢/١١

***

برای بەریز مامۆستا عبداللە حسن‌زادە
بەریزان ئەندامانی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان

پیرۆزبایی گەرمی ئەندامانی K.N.C تان ئاراستە ئەکەین بە بۆنەی یەکگرتنەوەی ریزەکانی ناو پارتە تێکۆشەرەکەتان،

بەریزان وەکوو ئاگادارن K.N.C هەموو کاتێک وە لە رۆژانی یەکەمی دروست بوونی هەمیشە هەولی داوە کە ناکۆکی ناو هێزەکانی بزووتنەوەی ئازادی کورد کەم کاتەوە، وە لایەنەکان لە یەک نزیک کەنەوە، بۆیە ئەم هەواڵە پیرۆزەی دوایی کە لە لایەن پ. د. ک. ەوە پ. د. ک رابەرایەتیی شۆرشگێرمان پێ گەیشت زۆر دڵی هەموومانی گەش کردەوە. ئەم هەنگاوە گرنگەی کەناتان لەکاتێکی یەکجار ناسک لەمێژووی گەلەکەمان هاتەدی، لە کاتێک‌دا کە بەرهەمی خەباتی ساڵەهای گەلەکەمان بەفیرۆ دەڕوا ئەگەر براکوژی‌و ناکۆکی دوایی نەیێت لە باشووری کوردستان.

بۆیە بە پێویستی ئەزانین کە لایەنەکانی‌تر چاو لەئێوە بکەن‌و بە ئاشتیی ناکۆکیی نێوخۆیان ساغ بکەنەوە، هەر وەکو ئێوە کردووتانە. بەراستی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران هەموو ئەندامان‌و سەرکردە دەریان‌خست کە سوودی گەل پێشتر دێت لە سوودی حیزبایەتی و سوودی شەخسی.

جارێکی دیکە پیرۆزباییتان لێ ئەکەین، هیوای سەرکەوتنتانین‌و ئاواتە خوازین کە نێوان حیزبە تێکۆشەرەکەتان‌و «K.N.C» بەهێزتر بێت.

براتان دوکتور «نجم‌الدین کریم»
کونگرەی نەتەوەیی کورد لە ئەمریکای شیمالی

***

بەریز مامۆستا عبداللە حسن‌زادە ـ سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستان!
بەریزان ئەندامانی دەفتەری سیاسی‌و کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان!
ئەندام‌و هەوالانی تێکۆشەری حیزبی دیموکرات!

مژدەی یەکگرتنەوەی هەردوو باڵی حیزب، دڵی هەموو نیشتمانپەروەرێکی کوردی خۆش کرد و رەوانی شەهیدانی رێگای رزگاریی شاد کرد. بێگومان ئەم هەنگاوە پیرۆزە، گوڕو تینێکی نوێ دەبەخشێتە گیانی تێکۆشەرانی حیزب‌و هەموو دڵسۆزانی خەباتی رزگاریخوازی گەلی کوردستان‌و هەروەها دڵسۆزی‌و گیانی لێبوردوویی تێکۆشەرانی حیزب دەسەلمێنێ کە بەرژەوەندی باڵای گەلی کوردستان لە سەرەوەی هەموو بەرژەوەندی‌یەکی ترە.

سەرکەوتنتان ئاواتەخوازین. بەم بۆنەیەوە هاوکات لە یادی ٥١ ساڵەی دامەزرانی کۆماری دیموکراتی کوردستان، گەرمترین پیرۆزبایی لە رۆڵە بەوەفاکان‌و میراتگرانی کۆمارو هەڵگرانی ئالای کۆماری کوردستان‌و وەفادارانی رێبازی شەهیدانی ئەمر پێشەوا قازی محمدو هەڤالانی و شەهیدان دوکتور قاسملوو دوکتور شەرەفکەندی‌و هەموو شەهیدانی رێگای رزگاریی کوردستان بکەم‌و هیواخوازم کە ئەو

هەنگاوە پیرۆزە هاندەرو بارمەتی دەری هێزە سیاسییەکانی باشووری کوردستان بێ لە پێناو ئاشتییەکی سەرانسەری و برایەتی و تەبایی.

سەرکەوتن بۆ خەباتی رەوای گەلی کوردستان و سەرشۆری بۆ داگیرکەران.

دڵسۆزتان دوکتور جەمشید حەیدەری، سوید، ستۆکهۆلم

١٩٩٧/١/٩

***

نامەی پیرۆزبایی

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

هاوڕێیانی دڵسۆز!

لەمێژ ساڵە کوانووی لێکدابڕان و برینی قەقاغە نەبووی ئەندیشەو ئازارەکانمان لە سفتوسۆ نەکەوتوون و چاوی ویژدان و هەست بە مەسئوولییەت کردن نەبڵەق وەستاوەو لە روانگەی خۆ مەلاس‌دان بەرامبەر تریێکی هومێدی دەستەملان بەرموورە دەسپێچی ئەستێرە ژماردن لە مل دەکات و بە رۆژگاریش گوێ بۆ شنەی هەناسەی هەواڵەکان ...!! داخوا کەی بێ زەنگی کەنیسەی ئاشقە دڵ سووتاوەکان لێدەدات و هەموو لە هەموو نوێژکەرانی کلێسای مەرگ و ژیان بەرەو میحرابی دەستەملان و زیکری سروودی یەکبوونەوە وەرێ دەکەون - تا لە جەژنی شەوی یەلدا گۆڕستانی شەهیدان چراخان دەکەن و مژدەی دەستەملان بەسەر خاکی سوتێندراوی کوردستاندا رادەگەیەنن - بۆ ئەوەی سۆزی بڵاوێنی ئەم هەواڵە دەبێتە دەسرەیەکی ئاوریشمین و شەرگەی ئەسرینی دووچاوە لاوازەکانی دایکی شەهیدان و هاوسەری شەهیدان و شینگای شەهیدان چۆڕە بردەکات.

ئای هاوڕێیان : هەڤاڵان!

ئەم هەواڵە چ تاسەیەکی پڕ سۆزەو چ زەماوەندێکی هەست و بیر خۆشکەرە.

ئەو دەمەی ژمارە «٢٤١»ی «کوردستان»م وەگیر کەوت و بە تاسەی خوێندنەوەی یەکەم وشەی چاپکراوی تادوا وشەی هەستم دڵخۆش بکەم، هەواڵی بەرێوە چوونی جەژنی یەکبوونەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە خۆشیا هەژاندمی کە رۆژی چوارشەممەی ١٩ی بەفرانباری ١٣٧٥ ئەو تروسکەی هومێدە بوو چەندین ساڵە ئاشقانی تەکیەی وڵاتپارێزی و شەیداکانی رێبازی پیرۆزی شەهیدانی پەنجا ساڵەی کاروانی بێ‌پسانەوەی ئەو حیزبە کزڵندەرە. لە پەرپەرۆچکەی ئاسمانێکی شین و بێ گەردەوە کەوتە سەرەتاتکێ و ئێمەش لەگەڵ ئەم تروسکەو هەواڵە دڵ خۆشکەرەدا، جەژنمان گرت و بەرماڵی نوخەیان لە پەرستگای بیرو هزرو سەرتاتە نوێژی ویژدانماندا راخست و هەزار و یەک ئایەتی نوخەیان بەسەر تاسەی ئارەزوو و حەزی شیرین و خەونی رەدی هاتووەکاندا کوف کردو، ئێزای ئەفرەتمان بەشیوە بەسەر سەزرا و جێ‌ئەزرگەی لێکدابڕان و دڕدۆنگی و دوعای زمانی گورک بەستنمان بەرووی یەکرە شۆڤاری زەمانەدا خوێند تا چیدی ژاراوی دردۆنگی و براکوژی و لێکدابڕان نەچێژین و نەزموونە تاڵەکانی رۆژگاری رابوردووی نزیک و پەندی مێژوویی و زیندووی

ئەم چەند ساڵەی کوردستانی باشوور فڕگەی ڕیژدان و هەستی پیرۆزی کوردایەتیمان بن و چیدی بە دەستی خۆمان، خۆمان تڕ نەکەین و بە چەک و پووڵ و پارەی دوژمنە ناحەزە کۆلۆنیال کەرەکانیشمان، دیوارە دروست کراوەکانی دوای ڕاپەڕین و خانووبەرە نوێکانمان نەڕووخێننەوە و بە دەستی خۆمان خوێنی گەشی لاوەکانمان بۆ ئارەزووی پاشا ئیقلیمییەکان نەکەینە کاسەی یلدانی مێژووەوە. منیش وەک کەس و زیندو ئەدیب و شاعیرێکی کوردی دۆست و ڕۆڵەی ناو بازنەی دێرینی ئەم حیزبە و لەمپەری سەرجەم ئەهامەتی ساتە دژوارەکانی ڕێبازی ئەم کاروانە و هاوڕێ و کەسی یەکە یەکەی شەهیدانی ڕێبازی چوارچرای قازی و ئاوارە و شەریفزادە و قاسملووی تاجەگولینەی سەرسەری شەهیدان خۆم پیرۆزبایی لە خۆم و سەرجەم کوردانی دڵسۆز و وەفادار ڕادەگەیەنم کە لەمێژ ساڵە بێ پسانەوە چ لەگەڵ بانگەوازی ئەدیب و شاعیران و چ بەسەردان و وتووێژ کردن لەگەڵ بەرپرسانی هەردوو لایەن و چ بە شیعر و وتارنووسین لە هەوڵی بژار کردنی گرفتەکانی ڕێبازی ئەو جەژنەدا کەم وزۆر لە کار دابووین و ئاواتی بەئاکام گەیشتنی ئەو ڕۆژەشمان خواستووە کە هەزار مەخابن لەبەر دوورە دەستی ئەرەخسا پێیەک لە زەماوەندی ئەو جەژنە مێژووییەدا بە زەوی دابدەین. دووبارە شیعری تاسەی لێکدابڕانەکەم بکەمەوە دیاری و شەو چەرەی ئەو ڕۆژە پیرۆزە، ئێستاش وەک ژینم لە نوێ نووسرابێتەوە و کۆرپەی تاسە و خۆزگەم لە دایک بووبێ وا خۆم دەبینم.

بە گوڕ و تاوتر بێ کەمەربەندی نوێی یەکبوونەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان ـ ئێران. سەرشۆڕ و ڕسواتر بێ بکوژانی ئازادی و دیموکراتی و مافی ئینسان لەسەر هەر بستوویەکی کوردستانی بەخوێن ڕەنگین و سەرجەم جیهان

سوارە قەڵادزەیی ١٩٩٧/٢/١

***

بەڕێزان سەرکردایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان

سڵاوێکی کوردانە،

بە دەرچوونی بەیاننامەی هاوبەش، لەلایەن هەر دوو سەرکردایەتیی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، زۆر خۆشحاڵ بووین، چونکە یەکیەتیی جووڵانەوی کورد هەردەم بەردی بناخەی سەرکەوتنە، بۆیە کە لەسەر ئەم هەنگاوە نەتەوەییە بە گەرمی پیرۆزبایی خۆمان پێشکێش دەکەین، ئومێد دەکەین، ئەم هەنگاوەی بزووتنەوی نیشتمانیی کوردستانی ڕۆژهەڵات، زیاتر مایەی ئومێدی یەکگرتنەوە و ئاشتی لە کوردستانی باشووریش بێت.

ئێمە، دووبارە، زۆر بە گەرمی دەستتان دەگوشین، هیوای لەش ساغی و سەرکەوتنتان بە ئاوات دەخوازین.

سەید مەولوود بێخاڵی، مومتاز حەیدەری و طارق جامباز

هەولێر/ کوردستان . ١٩٩٧/١/١

***

بەڕێزان ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان!
هەردەم شادو سەرکەوتووبن !

لە دڵەوە، بەخۆشیی بەو پیرۆزبایی یەکبوونتان لێ دەکەم و یەکە یەکە دەستەکانتان دەگوشم. بەو نیازەی کە جارێکی تر ناحەزان و دوژمنانی کورد زەفەرتان پێ نەبەن هیوایە شوورەیەکی پۆلایین بن بۆ میللەتە ستەمدیدەکەتان.. ئاواتمە هەڵەکانی حیزبە کوردستانی یەکان لەبەرچاو بگرن و هەرگیزاوهەرگیز بیر لە شەڕی کورد کوشتن نەکرێتەوە و هێزەکانتان لاواز نەبێ.

ئای چەندە دڵم بەو یەکبوونە خۆش بوو... لە خۆشیا فرمێسکی شادی هون هون بە چاوەکانما هاتەخوارەوە.

هەرخۆش بن

دڵسۆزتان دوکتۆر شوکریە ڕەسول
١١/١/١٩٩٧

***

کوردستانێک خوێن و کەللەسەر بنیادی بێت
هەموو جیهان گەر بڕمێت ئەو هەر ماوە و ئەمێنێت

خۆبوون . یەکبوون . یەکگرتنەوە



خۆبوون ـ لە نالەی دەروونی ئەو قاڵبە گڵە کەنزانەی ناو کڕزکورە وانو گیاندا، گیانی گەشمەردە ئاوابوون لە خاک و ئاخ و گڵی نیشتمان دا، کەنزوگەوهەرن.

هەنوکە، لەم بۆشاییە بەرینەدا بە سەرمانەوە ئەسووڕێنەوە، ئەچرپێنن بەگوێماندا، بەرەو ئاسمانن، شوێنەواریان بەجێهێشتووە لەسەر زەمین، پەیامیان بۆ ئەوە و ئەتیژە نووسیوە.

پەیامی یەکگرتنەوە، پەیامی کردنەوەی گرێکوێرەی کێشەی کورد و دۆزی کە لە گێژاوی نێودەوڵەتی و هەرێمی و ناو خۆیدا نقووم و غەرق بووە.

دوژمنانی کوردستان لە سەر کەناری ڕووباری درێژی خوێنی قوربانیانی سەیران و ئاهەنگ ئەگێڕن، بە سامان و بەروبووم و بەرهەم و بەرەکەتی نیشتمانی کورد، بژێوی خۆیان دابین ئەکەن، لە دارشتنێکی ستراتیژیدا.

پەیامی شۆڕشێک، لە ڕووبێوی زەمەندا، کڵپە و بڵێسەدارە، ئاگری ئەکوژاوەیە، تینو گەرمایی ژیلەمۆی هەر ماوە، شۆڕشی دەیان ئەوە و نیژەی لە زگی زەوی دا قووت داوە و نهێنی ئازادی و سەرفرازی لە باو و باپیرەوە وەرگرتوو و بە بارنتە داویەتە دەست نەوەی نوێ.

ئەوانە، چۆن ئەمرن؟ زیندوون، کەنزی زێڕن بۆ ئامانجی بوون. پەیامەکانیان، ئەوە و نیژەیەک بەدوای یەک دا، ئەخوێنرێتەوە پەی درپەی، بە هەموو زمانی ـ ئەڵێ ـ

ژیانی جاویدی و ئەمری و هەتەدی لە ئاوا بوونەوە نوی ئەبێتەوە مردن و ژیانیان لە هەر هەموو لایەنەکانەوە، بە یەک ئەگەنەوە. بە درێژایی چەرخ و چاخ و زەمەن پردی سەردەم و هاوچەرخن بۆ دەرفەت.

دەرفەتی وەرگرتن و سەندراو لە ناوەندی گرژی و ئاڵۆزی دا، ئەو دەرفەتەی سەرکردایەتیی لێهاتوو و کارامە نەیپچ ت و وەری نەگرێت و نەیسێنێت.

نەک دەرفەتی ئاسانی خەڵاتی زەمەن و بەخششی و پێدراو، پاداشتی زەمەنی ئارام،کە پەیت و ئەمڕی رێکەوتی راگوزاو، کەهۆکار و فاکتەری هەڵ و مەرجی رەخساوە.

دەرفەتی پابەند و پەیوەتەکراو و خ ۆش و کپە و کار دانەوەی سست و پەشتیبە لە جیهانی بەرەنگاری و رووبەڕوو تاڵ، ک چارەنووسی گەلان، گەمە و یاریی هەرزانە، لە مەیدان و گۆڕەپانی چنوکی و تەماعی دەوڵەتاندا.

ئەم یەکگرتنەوەی دوو برا، دوو هێزی یەک بناخە و بنەڕەت پارتی دیمۆکراتی کوردستان و پارتی رێبەرایەتیی شۆڕش گواستنەوەی سیاسەت و رامیاری و پولتیکی ناوچەیی یە بۆ شوێنە خوازراوەکان و جێگە بابەتییەکان.

سەوداو و مامەڵە کردنە لە سەر ئاستی میریی و جەماوەری کە خەونی گەشمەردانی ئەمەر، سەرانی پارت لە پێشەوا قازی موحەمەدی ئەمەر و دکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی بوو.

ئەمەیە پێوەر بۆ فەرمان دان بە سەر پێوانە و کێشەکاندا. هەربژین بۆ پەیرەوی کردنی، وانە و ئامۆژگاری و پەندی ئایندە، لە ناوەندی لووتکەی دژواری و ئاڵۆزی کارەساتەکاندا .هەر بژی کورد، پایەداری بۆ کوردستان.

بژی پێشمەرگە.

- کەریم زەند. گەریدە و جوگراف ناس

١٩٩٧/١/٨

***

بروسکەی پیرۆزبایی

بەرێز، سکرتێری گشتیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان، کاک عبداللە حەسەن زادە!

سڵاوی تێکۆشانی نەتەوەیی

ئێمە وەک دەستەیەک لە نوێنەرانی کەسایەتی یە یاسایی و رووناکبیری و فیکری و سیاسی یەکانی باشووری کوردستان، پیرۆزبایی گەرم و مەزنی نەتەوەیی یانەی خۆمان و گەلی باشووری تێکۆشەرتان پێشکەش دەکەین، بە بۆنەی ئەو هەنگاوە مێژوویی یەی کە کومیتەی ناوەندیی هەر دوو باڵی لە یەک جیا بووەوەی حیزبە تێکۆشەرەکەتان لە پێناوی یەکگرتنەوە و هاوخەباتی پتەوی هەر دوو لا دا لە چوارچێوەی (حیزبی دیموکراتی کوردستان ، ئێران) دا، هەڵتان ناو بە واقیعتان کرد.

هەڤالانی بەرێز! ئێمە لە کاتێک دا ئەم هەنگاوە مێژوویی یە گەورەیە، پیرۆز و بەرز را دەگرین و پشتگیریی و هاو دەنگی تەواو و قووڵی خۆمان بۆ هەموو کردە و سیاسەتێکی دروست و شۆڕشگێرانەی لەو جۆرە لە نێوان هێز و لایەنە تێکۆشەرەکانی بزاڤی رزگاریخوازی نیشتمانی ـ نەتەوەییمان لە هەر چوار پارچەکەی کوردستان رادەگەیەنین، ئەم هەنگاوەی ئێوە و هەر هەنگاوێکی تری لەو جۆرە لە سەرجەم شەهیدانی رێگای رزگاری و لە هەموو رۆڵە تێکۆشەرەکانی نەتەوەکەمان پیرۆز و

مژدەبەخش دەناسێنین و ئەژمار دەکەین، بەڵێ لە کاتێکی ئاوەها دا بە پێویستی دەزانین کە ئاماژە بەو ڕاستی یە لوژیکیە بکەین کە هەر تەنها یەکیەتی و یەکگرتنی واقعیانەو بە کردەبیانەی هێز و لایەنەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردان، مەرج و فاکتەری پێشینەو سەلیندراوی سەرکەوتن و سەرفرازیمانە. چونکە مێژووی کۆن و نوێی بزاڤی کوردایەتی بە سەدان ئەزموون و وانەی گەورەو کارەساتباری تێدایە لەسەر هۆکارەکانی شکست و تێکشکانەکانی، کە لە ئەنجامی ناکۆکی و دابڕانی لایەن و هێزەکانی ئەم بزاڤەو ناتەبایی و دابەش بوونی باڵ و جەمسەرەکانی پارتە سەرەکیەکان دا هاتوونەتە سەرهەڵدان و پێک هاتن.

بەڕێزان! بەم بۆنەوە جێی خۆیەتی کە ئەو ڕاستی یە بڵێین کە ئەو پرۆسە مێژوویی یە گرنگەی هەڤالان و تێکۆشەرانی ڕیزەکانی هەر دووک باڵی حیزبەکەتان پێش یەکگرتنەوە، لەم هەل و مەرجە دژوار و هەستیارەی کە بزاڤی کوردایەتی بە گشتی و بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان بە تایبەتی لە خۆرهەڵاتی کوردستان پەرەنگاریتی و پیای دا دەڕوات، ڕۆڵ و کاریگەریتی مەزن و ستراتیژیانەی هەیە لە داهاتووی سیاسی۔ کۆمەڵایەتیی ئەم بزاڤەدا هەر بۆیە کە هیوادارین کە لە پێناوی بەهێز کردن و پتەو کردنی کردەبیانەی ڕیزەکانی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی لەم پارچە گرنگەی کوردستان دا بەردەوام و شێلگیر بن لەسەر دەستەبەر کردنی هەماهەنگی و هاوکاریی تێکۆشانی شۆڕشگێرانە لە نێوان هەموو لایەن و جەمسەرە شۆڕشگێڕی یەکانی ئەم جووڵانەوەیەدا.

هەر بژین و سەرکەوتوو بن.

دەستەیەک لە نوێنەرانی کەسایەتی یە یاسایی و ڕووناکبیری و
فیکری و سیاسی یەکانی باشووری کوردستان
٢٩ی بەفرانباری ٢٦٩٦ی کوردی، ١٩ی کانوونی دووهەمی ١٩٩٧زایینی

***

بۆ برای بەڕێزم کاک عەبدالله حەسەن زادە، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

سڵاوێکی گەرم!

بە دڵێکی خۆشەوە هەواڵی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبە تێکۆشەرەکەتان (حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران) مان پێ گەیشت، لە ڕاستی دا ئەم کارە لەم قۆناغەی بزاڤی ڕزگاری نەتەوەییمان دا ئەرکێکی مەزنی نەتەوەیی بوو کە بەجێتان گەیاند، هیوادارم ئەم کارە زیاتر سوورتان بکات لەسەر خەبات و تێکۆشان بۆ ڕزگار کردنی نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی وڵات دا

لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیی دووبارەمان دا.

غەفوور مەخمووری
سکرتێری گشتی یەکیەتی نەتەوەیی دێموکراتی کوردستان
١٩٩٧/١/١٢

بەڕێزو تێکۆشەر دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران!
وێڕای سلاوێکی شۆڕشگێڕانەو گەرم.
هیوای تەمەن درێژی و سەرکەوتنی یەک لە دوای یەکتان بۆ دەخوازم.

خۆشەویستان گەرمترین و جوانترین پیرۆزبایی‌تان ئاراستە دەکەم، بە بۆنەی یەکگرتنەوەی حیزبی دیموکرات، دیارە بەمەش حیزبی دیموکرات سەروەرییەکی تری تۆمار کرد لە سەر سەروەرییەکانی تەمەنی خەباتی دوورو درێژی، کە بەم کارەش بزافی رزگاریخوازی کوردی پلەیەک بەرەو پێشتر چوو.

دووبارە گەرمترین پیرۆزبایی لە سکرتێرو دەفتەری سیاسی و کومیتەی ناوەندی و سەرجەم پێشمەرگەو ئەندام و لایەنگرانی حیزبتان دەکەم.

سەرکەوتنتان ئاواتەخوازین

دڵسۆزتان شێخ عزالدین‌مصطفی سیری
١٩٩٧/١/٢٥

***

برای مەزن و بەڕێزم مامۆستا مەلا عەبدوللا حەسەن‌زادە!
ئەم کاتەو هەموو کاتێکتان شاد.

هیوام خۆشی و کامەرانییەو ڕێزو سلاوم بۆ برادەران هەیە. برای گەورەو خۆشەویستم پڕبەدڵ پیرۆزبایی جەژنی یەکگرتنەوەو جەژنی رەمەزانت لێ دەکەم. بێگومان جەژنی یەکەمیان هاتنەدی ئاواتی چەند ساڵەی بەندەی دڵسۆزتانەو بە هەنگاوێکی گەورەی نەتەوایەتی دەزاندرێت، دیارە ئەو هەنگاوە مەزنانەش هەر لە مەزنێکی وەکو بەڕێزتان چاوەڕوان دەکرێت هیوادارم هەمیشە سەرکەوتوو بن لە هێنانەوەی ئاواتەکانی وێستراوی دڵسۆزەکانتان.

هەمیشە شادو سەرکەوتوو بن بە تایبەتی وەکو شادتان کردین.

مامۆستا زیاد، رانیە ١٩٩٧/١/٧

***

مامۆستای بەڕێز عبداللە حسن‌زادە!
بەڕێزان ئەندامانی دەفتەری سیاسی و کومیتەی ناوەندیی حیزبی‌دیموکراتی کوردستان!

خۆشحاڵی خۆمان دەردەبڕین بۆ یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان.

بەهیوای پتەو کردنی ڕیزەکای حیزب و بەهێز کردنی ڕیزەکانی گەل. لەگەڵ ڕێزو سلاومان بۆ هەموو برادەران.

سەرکەوتنتان ئاواتمانە.

دوکتور امیر احمد، نوری مەلا محمود.
سلیمانی ١٩٩٧/١/١٠

***

# پەیامە خاریجی‌یەکان

هاوڕێیانی بەڕێز!

ڕاگەیەندراوی ڕۆژی ٨ی ژانویەی ئێوەم پێ گەیشت. زۆرتان سوپاس دەکەم.

بەناوی خۆم و بەناوی ئەنتێرناسیونالی سوسیالیستەوە، خۆشحاڵی لەڕادەبەدەری خۆم سەبارەت بە یەکپارچە بوونەوەی حیزبەکەتان دەردەبڕم. ئەم ڕاستی‌یە لە درێژایی مێژوودا خۆی نیشان داوە کە یەکیەتی‌و یەکپارچەیی هەوێنی بەهێز بوونەو ئەم مەسەلەیە بە تایبەتی لە بەرامبەر ڕێژیمێکی دژی دێموکراتیک کە ئێستا لە ئێراندا لەسەر کارە، ڕاستی‌یەکە ڕوون‌و حاشا هەڵنەگرە.

لە قووڵایی دڵمەوە ئاواتەخوازم کە ئەم یەکپارچەیی‌و یەکیەتی‌یە ببێتە هۆی بەهێزتربوونی حیزبەکەتان‌و ئەو ڕۆژە دابێ کە شاهیدی سەرکەوتنی ئامانجە سەرەکی‌یەکانی بزووتنەوەیەک بین کە بووە هۆی ڕووخانی ڕێژیمی شا. واتە سەقامگیر بوونی دێموکراسی، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی‌و وەدی‌هاتنی خودموختاری‌یەکی بەرین بۆ ئەو گەلانەی داوای دەکەن.

تکایە ڕێزو سڵاوی گەرمم قبووڵ بکەن

پییەر مۆرۆا

سەرۆکی ئەنتێرناسیونالی سوسیالیست

پاریس ـ ٢٨ی ژانویەی ١٩٩٧

***

ئاغای حەسەن‌زادە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

ئەندامانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ!

ئاغای سکرتێری گشتی‌و دۆستانی بەڕێز!

حیزبی سوسیالیستی فەرانسە بە خۆشحالی‌یەکی تەواوەوە بەیاننامەی هاوبەشتانی لەبارەی یەکپارچەیی دووبارەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە پێ گەیشت. حیزبی سوسیالیستی فەرانسە هەمیشە لە خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ـ کە ئێستا بووە بە ئەندامی ئەنتێرناسیونالی سوسیالیست ـ لە پێناوی وەدی‌هێنانی داخوازە دادپەروەرانە دێموکراتی‌یەکانی گەلی کورد لە ئێران‌دا، پشتیوانیی کردووە.

هیواداریین که یەکپارچە بوونەوەی حیزبەکەتان ڕێخۆشکەری ئاسۆیەکی روون لە وەدی‌هاتنی ئامانجە ڕەواکانتاندا بێ.

پییەر گیدزنی

دەبیری پیوەندییە نێونەتەوەیی‌یەکانی حیزبی سوسیالیستی فەرانسە

پاریس ١٤ی ژانویەی ١٩٩٧

***

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

دۆستانی خۆشەویست!

بەبۆنەی یەکگرتنەوە لەژێر ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پیرۆزبایی سادقانەی خۆمانتان پێشکەش دەکەین.

هەموومان دەزانین کە ڕێگا درێژەو پڕە لە قوربانیی گەورەی ئینسانی، بەڵام گەلی کورد نیشانی داوە کە لەسەر ویستەکانی خۆی سوورەو تێدەکۆشێ کە داخوازە ڕەواکانی خۆی وەدی‌بینێ‌و لە ئاشتی‌دا بژی‌و ببێتە خاوەنی چارەنووسی خۆی. هەر وەک بە لێوەشاوەیی بە درێژایی خەباتی بۆ وەدەست هێنانی ئامانجە مێژوویی‌یەکان نیشانی داوە.

حیزبی کۆمونیستی ئیسپانیا هەموو کات لە خەباتی ڕەوای گەلی کورد پشتیوانیی کردوە. دڵنیاین کە ئەم یەکگرتنەوەیەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەبێتە هۆی دروست بوونی ڕووحێکی تازە لە خەباتی هەموو گەلی کورد دا.

لەگەڵ سڵاوی گەرم

خوزە لویس نورنیر

بەرپرسی پیوەندییەکانی دەرەوەی (ئانتیرناسیونال)

مادرید ٢٣ی ژانویەی ١٩٩٧

***

بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

دۆستانی خۆشەویست!

بە خۆشحالی‌یەکی زۆرەوە لە ڕاگەیەندراوی هاوبەشی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ ئاگادار بووین.

پێمان خۆشە خۆشحاڵیی قووڵی خۆمان بۆ ئەو کردەوە بێ‌وێنەیە دەربڕین. لەسەر ئەو باوەڕەین کە ئەو کارە شوێنەوارێکی زۆر گرنگ لەسەر پێش‌چوون‌و دیفاع لە مەسەلەی ڕەوای گەلی کورد لە ئێران دا دەنێ. هەروەها نیشاندەری ئاستی بەرزی تێگەیشتنی سیاسیی گەلی کورد [ لەکوردستانی ئێران] و ئەو ڕێکخراوانەیە کە ئەو گەلە نوێنەرایەتیی دەکەن.

لە بەرانبەر خەفەقان و دیکتاتۆری‌دا، یەکیەتیی هێزە نیشتمانپەروەر و دیموکراتەکان دەستەبەری سەرکەوتنە لە خەبات بۆ ئاشتی و ئازادی‌دا.

لەگەڵ ڕێز و سڵاو و ئاواتی خۆشی‌تان‌دا

چەپی یەکگرتوو
سەرۆکی فیدرالی چەپی یەکگرتوو.
مادرید ٢١ی ژانویەی ١٩٩٧

***

بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

ئەندامانی زۆر بەرێزی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران!

بە خۆشحاڵی زۆرەوە هەواڵی یەکگرتنەوەی حیزبەکەتانم لە لایەن نوێنەرەکەتانەوە میرزۆ عەلیار پێ‌گەیشت.

بەبۆنەی ئەو هەنگاوە سیاسی‌یە گرینگە بەدڵەوە پیرۆزبایی‌تان لێ‌دەکەم. ئێمە وەک رابردوو بە تەواوی لەوە دڵنیاین، کوردەکان تا یەکگرتووتر بۆ داخوازە رەواکانیان هەوڵ بدەن بەو رادەیەش تێکۆشانی سیاسی‌یان سەرکەوتووتر دەبێ.

ئێمە لە داهاتووش‌دا لە چوارچێوەی ئیمکاناتی خۆمان‌دا پشتگیری لە ئامانجە رەواکانتان دەکەین.

لەگەڵ سڵاوی دۆستانە

نۆرتا تاپف
ئەندامی پارلمانی ئەڵمان ـ حیزبی سوسیال دیموکراتی ئەڵمانSPD
بەرپرسی کاروباری سیاسی کوردان لە فراکسیۆنی پارلمانیSPD

***

بەڕێز کومیتەی ناوەندی!

سەبارەت بە ناردنی بەیاننامەی پێوەندی‌دار بە یەکگرتنەوەی هەموو هێزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەژێر ئاڵای «دیموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان»دا سپاستان دەکەم.

بەبۆنەی پێکهێنانی حیزبێکی یەکپارچە، پیرۆزبایی لە ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەکەم و بۆ ئەو هەنگاوە بەجێ‌یەتان سەرکەوتن بەئاوات دەخوازم.

ئەگەر هەواڵی زیاتر و رێک و پێک‌تر لە بارەی پێشێل کرانی مافە ئینسانی‌یەکانی خەڵکی کوردستانەوە لەلایەن‌ئاخوندەکانەوە پێ‌بگات، زۆر سپاستان دەکەم.

ئەگەرچی ئاگاداری گیروگرفتەکانی سەرڕێی پێوەندی گرتن بە یەکترین، بەو حاڵەش ئامەزرۆی وەرگرتنی هەواڵ لە ئێوەین و هەوڵ دەدەین بیروڕای گشتی بۆ لای

دەرد و مەینەتی گەلی کورد، لە کوردستانی ئێران رابکێشین، هەم لێرە لە ئینگلستان و هەم لە نێو هاوڕێیانم لە ئورووپا دا.

خۆشەویستتان لورد ئێڤبێری

سەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤ، مەجلیسی لوردەکانی ئینگلستان

١٠ی ژانویەی ١٩٩٧

***

بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەهۆی نوێنەرایەتی ئەڵمان

خوشک و برایانی زۆر بەڕێز!

پیرۆزبایی‌تان لێ دەکەم کە بەسەر ناکۆکی‌یە نێوخۆیی‌یەکانتان‌دا زاڵ بوون و پاش ساڵانی دوور و درێژ ئێستا یەکتان گرتۆتەوە.

لە هەوڵ و تێکۆشانی پێکەوەتان لە پێناوی خەڵکی کوردستانی ئێران، بەهێزی و سەرکەوتنتان بۆ بە ئاوات دەخوازم.

لەگەڵ سڵاوی دۆستانە

ئامکە دیتێرت

ئەندامی فراکسیۆنی حیزبی سەوزەکان لە پارلمانی ئەڵمان و

ئەندامی گرووپی پارلمانتێرانی ئەڵمان ـ ئێران و

ئەندامی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ لە پارلمانی ئەڵمان

١٣ی ژانویەی ١٩٩٧ پارلمانی ئەڵمانی فیدراڵ

***

نامەی «شتێفین تیباخ» ئەندامی پارلمانی ئەڵمان و قسەکەری فراکسیۆنی PDS (حیزبی دیموکراتە سۆسیالیستەکان) لە بوارەکانی «مافی مرۆڤ و یارمەتی‌یە ئینسانی‌یەکان»دا بۆ کومیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.

خوشک و برایانی زۆر بەڕێز!

بە خۆشحاڵیی زۆرەوە راگەیەندراوی ١٠ی ژانویەی ١٩٩٧ی ئێوەم کە لەوی‌دا یەکگرتنەوەی دوو تۆڵەکەی حیزبەکەتان رادەگەیەنن، پێ گەیشت.

بەلەبەرچاو گرتنی گیروگرفتەکانی ناتەبایی‌یە زۆرەکانی نێو جووڵانەوەی کورد، بڕیاری جێگای سەرنج و رێزی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران. رێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ کەلە راگەیەندراوی هاوبەشی ٨/١/٩٧ دا هاتوە، گرینگیی تایبەتی و رێگا نیشاندەرانەی هەیە. ئامانجی حیزبی ئێوە واتە وەدی‌هێنانی دیموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستانی ئێران زۆر لەوە گرینگترە جووڵانەوەی کورد بەهۆی ناکۆکی‌یە نێوخۆیی‌یەکانی، خۆی تووشی لادان لەو ئامانجە بکا. لەبەر ئەوە پیرۆزبایی یەکگرتنەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانتان لێ دەکەم و ئاواتم ئەوەیە کە ئەو هەنگاوە بتوانێ یەکیەتیی گەلی

کوردبە گشتی بەهێز بکا.

لەگەڵ ریزدا

شتێفێن تیپاخ

*لە نامەکەدا ئاماژە بە راگەیەندراوی ۱/۱/۹۷ کراوە مەبەست راگەیەندراوی نوێنەرایەتیی حیزب کە سەبارەت بە یەکگرتنەوە بە زمانی ئەڵمانی بڵاو بۆتەوە.

***

هاوڕێیانی بەڕێزی رێبەرایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران!

سڵاوێکی هاوڕێیانە

زۆر بەخۆشحاڵییەوە، خەبەری یەکخستنەوەی ریزەکانی حیزبە تێکۆشەرکەتانمان پێگەیشت. ئەم هەنگاوە وشیارانەیە نیشانەی دڵسۆزیی تێکۆشەرەکانتان بۆ یەکخستنەوەی هەوڵەکان و پتەو کردنی خەبات لە پێناوی دیموکراسی و مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد و قازانجەکانی زەحمەتکێشان دایە.

پیرۆزبایی گەرمتان لێ دەکەین و لە خەباتە سەختەکەتاندا سەرکەوتنتان بۆ بە ئاوات دەخوازین.

سڵاو بۆ هەموو هاوڕێیانتان

کومیتەی ناوەندیی حیزبی کومونیستی عێراق

۱۹۹۷/۱/۲۰

***

بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

لەلایەن نوێنەری حیزب لە ئیسپانیاوە هەواڵی یەکگرتنەوەی دوو قوڵی حیزبەکەتانم کەلە ساڵی ۱۹۸۸ەوە لێک جوێ ببوونەوە پێگەیشت. هەروەها لە باس و وتووێژەکانی پرۆسەی ئاشت بوونەوە کە ئاکامێکی باشیان هەبوو، ئاگادار بووم.

لام وایە کە یەکگرتنەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران یەکێک لە هەرە باشترین هەواڵەکانی ئەو دوایانەیە کە لە کوردستانەوە دەگەن و نموونەیە بۆ بەکارهێنانی شێوەکانی دیموکراسی نەتەنیا لە کوردستان بەڵکوو لە هەموو رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا.

سڵاوی برایانەتان بۆ دەنێرم، پیرۆزبایی‌تان لێ دەکەم و چاوەڕوانم کە بە زوویی هەموو گەلی کورد بتوانێ لە دیموکراسی کەڵک وەربگرێ.

مانوێل مارتۆرێل

کوردناس، رۆژنامەنووس، سەرۆکی بەشی نێونەتەوەیی رۆژنامەی ئێل موروندۆ (EL MUNDO)

۱۹۹۷/۱/۲۸

# سوپاسنامە

خەڵکی قارەمانی کوردستان!
ڕێکخراو و شەخسییەتە خەباتگێرە ئێرانی و کوردستانی‌یەکان!
دۆستان و دڵسۆزانی گەلی کورد و حیزبی دێموکرات!

بڵاو بوونەوەی مزگێنیی یەکبوونەوەی ڕیزەکانی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕۆژی ١٩ی بەفرانباری ١٣٧٥دا شەپۆلێک لە شادی و خۆشحالیی لە دڵی هەموو دۆستان و دڵسۆزانی گەلی کورد و حیزبی دێموکرات‌دا پێک هێنا و بەم بۆنەوە لافاوی نامە و پەیامی پیرۆزبایی و پشتیوانی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵاتەوە بەرەو دەفتەری سیاسی‌و نوێنەرایەتی‌یەکانی حیزب وەڕێ کەوت.

گومانی تێدانیە کە ئەم پێشوازی‌یە گەرمە نیشانەی دڵسۆزی و هەست بە بەرپرسایەتی کردن بەرامبەر بە خەباتی شۆڕشگێرانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە و توانای ئێمە لە درێژەدانی ڕێگای پڕ شانازی‌مان‌دا زیاتر و ئیرادەمان پتەوتر دەکا.

بەو هۆیەوە کە وەڵام دانەوە بە یەک بە یەکی ئەو هەموو پەیامە گەرم و گوڕانە مومکین نیە، بە پێویستی دەزانین سپاسی بێ‌پایانی خۆمان پێشکێشی هەموو ئەو خۆشەویستانە بکەین کە بە ناردنی نامە و پەیامی پیرۆزبایی، سەردان لە بنکەکانی حیزب و یان بە هەر شێوەیەکی دیکە زەحمەتیان کێشاوە و لە خۆشی و شادیی ئێمەدا بەشدار بوون.

ئێمە بە چاوی ڕێز و پێزانینەوە دەڕوانینە هەوڵ و زەحمەتی ڕێکخراو و شەخسییەتە خەباتگێڕ و ئازادیخوازەکانی دۆستی حیزب لە پێناوی یەکیەتی و یەکپارچەیی ڕیزەکانمان‌دا و لە بیریان ناکەین.

بەو هیوایەی هەموو لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی دێموکرات و پێشکەوتنخوازی دژی ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی بە مەبەستی دروست کردنی ئێرانێکی ئازاد و دێموکرات، دەست بدەنە دەستی یەکتر.

دەفتەری سیاسیی
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
١٣٧٥/١٢/١

# پێرست


- پێشەکی ٣
- «رۆژی وەسەریەک‌کەوتنەوەی بنەماڵەی گەورەی حیزبی دیموکرات» ٤
- بەیاننامەی هاوبەش ٨
- وتاری سکرتێری گشتیی حیزب هاوڕێی تێکۆشەر «عبدالله حسن‌زادە» لەڕێ و ڕەسمی یەکبوونەوەی ڕیزەکانی حیزب‌دا ١٠
- وتاری هاوڕێی بەڕێز کاک «حسن رستگار» ١٥
- یەکگرتن «شێعر» ١٧
- بانگی یەکگرتن «پەخشان» ١٩
- پەیامی حیزب و ڕێکخراو و شەخسییەتە سیاسی‌یەکان بە بۆنەی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزب: ٢٠
  - پەیامە نێرانی یەکان ٢٠
  - پەیامە کوردستانی‌یەکان ٣٥
  - پەیامە خاریجی‌یەکان ٥٢
- سوپاسنامە ٥٧

کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

بانەمەڕی ١٣٧٦ی هەتاوی